# میراتی سەلەف

کۆکردنەوە و وەرگێڕانی :
طارق حسن الكردي

ئیمامی الدشتي الكردي الحنبلي دەفەرمویّت :
هیچ کەس لەسەر زەویدا نیە زاناتربیّت بە قورئان و سونەت وەك ئەهلی حدیث
[ كتاب إثبات الحد ص ١٤٧ ]





بسم الله الرحمن الرحيم









# دەستپێکی کتێبەکە

• شافعی دەڵێت: فێربوونی زانستی شەرعی خێری زیاترە لە نوێژی سوننەت.

[جامع بيان العلم وفضله : ١١٨]

• قال أبو الدرداء رضي الله عنه: فێرببن پێش ئەوەی ئەم عیلمە هەڵبگیرێت، نەمانی عیلم بریتیە لە نەمانی زاناکان، زانا و فێرخواز واتە مامۆستاو قوتابی لە پاداشتدا وەک یەکن.

[ الزهد لوكيع بن الجراح : ٥٣٠ ]

• قال فضيل بن عياض رحمه الله: کۆمەڵێک بەندەی هەیە کە وڵاتی پێ ئاوەدان کردونەوە، ئەوانیش بەندە و هاودەمانی دەستگرتون بە سوننەتەوە.

[ الإبانة الصغرى لإبن بطة العكبري :١٨٨]

• دایکمان عائیشە دەفەرموێت: کە دەچوومە لای گۆڕی رسول الله صلى الله عليه وسلم و باوکم جلەکانم ئاسایبون ( وەک ئەوەی هەرکەسێک لەماڵی خۆی لەبەری ئەکات)، دەم ووت یەکیان باوکمە یەکیشیان هاوسەرم کە مەحرەمی خۆمن، بەڵام والله ـ ی کاتێک عومەر نێژرا لە تەنیشتیان هەرجارێک دەچومە لایان توند جلەکانم لەخوم دەپێچاو خۆم دادەپۆشی لەبەر شەرم کردن لە عومەر چونکە نامەحرەم بوو بەمن.

[ مسند أحمد بن حنبل : ٢٥٦٦٠ ]

• ئەبی جەوزاء دەڵێت: گواستنەوەی بەرد لەسەر مونافیقین ئاسانترە لە خوێندنی قورئان.

[ حلية الأولياء : ٣/٨٠ ]

• الأوزاعي رحمه الله : پەیوەستبە بە رێگای پێشینان ئەگەرچی خەڵکیش ڕەتیان کردیەوە، وە وریای بۆچونی ئەم و ئەوبە ئەگەرچــی ڕازاندیانەوە بۆت بە ووتەی ڕازاوە ، دواتر ڕێگاکەی خۆی ڕوون دەبێتەوە وە تۆش بۆت دیار دەکەوێـت کـە لەسەر ڕێگای ڕاستی.









[أخرجه ابن عبدالبر في جامع بيان العلم وفضله : ٢/١٤٤]
[وأخرجه الهروي في ذم الكلام برقم : ١١٦]

• پیاوێک ووتی بە ابن مبارک ئامۆژگاری ماوە؟ فەرمووی : کەسێک ماوە وەریگرێت؟

[حلية الأولياء ٨/١٦٦]

• باوکی عبد الله (أحمدی کوڕی حنبل) دەڵێت: نزیک ببنەوە لە الله بە ڕق لێبونتان لە مورجیئە، ئەوە باشترین و بەهێزترین کردەوەکانە لای ئێمە.

[طبقات الحنابلة : ٢/٢٢٦]

• ئەحمەدی رباطی دەڵێت: عبد الله ـی کوڕی طاهر پێمی ووت ئێوە بە جەهل ڕقتان لە موڕجیئەیە بەڵام ئێمە حاڵیان دەزانین بۆیە ڕقمان لێیانە، لە درێژەی کەلامی دا دەفەرمێت والله من پێم جائیز نییە بڵێم ئیمانم وەک ئیمانی یەحیای کوڕی یەحیا وایە بەڵام ئەوان دەڵێن ئیمانمان وەک ئیمانی جبریل و میکائیل وایە.

[عقيدج اصحاب الحديث : ١٠٩]

• مەیمونی کوڕی مهران دەڵێت: لە خواترس بەجۆرێکی وا وردەکاری لێپرسینەوە لەگەڵ دڵ و دەروونی خۆیدا دەکات وەک شەریکێکی چروک و بەخیل چۆن لەسەر یەک فلس لێپرسینەوە لەگەڵ شەریکەکەی خۆیدا دەکات.

[جامع العلوم والحكم : ١٤٩]

• سفیان الثوري دەڵێت: پلەو پایەی عیلم دراوە بەسەر جگە لەخۆیدا بۆ ئەوەی لە خوا بترسێ بەهۆیەوە.

[حلية الأولياء : ٦/٣٦٢]

• ئەبو وەفای کوڕی عەقیل: ئەگەر دەتەوێت بڕوانی بۆ جێگاو مەکانی ئیسلام لای خەڵکی سەردەمەکەت، ئەوا مەڕوانە بۆ قەرەباڵغیان لە دەرگای مزگەوتەکاندا وە بۆ هاوار و زۆری زیکریان لەکاتی حەجدا، بەڵکو بڕوانە بۆ لایەنگری و دۆستایەتیان لەگەڵ دوژمنانی دیندا.

[آداب الشرعية لابن مفلح ٢٥٥/١]








• أحمد دەڵێت: زەمانێک دێت بەسەر خەڵکیدا ئیماندار لە نێوانیاندا وەک لاشەیەکی مردووی بۆن ناخۆش وەهایە مونافیق بە پەنجەکانی ئاماژەی بۆدەکات.

[الأمر بالمعروف للخلال ص ٦٥]

• سفيان بن عيينة دەڵێت: الله نیعمەتێکی نەڕشتووە بەسەر بەندەکانی باشتر بێت لەنیعمەتی زانینی واتای لا إله إلا الله ئەو وشەیە لەقیامەت وەک ئاو وایە بۆیان لە دونیادا.

[شعب الإيمان : ٤١٨١]

• مەیمونی کوڕی میهران دەڵێت: دونیا کەمە وە ئەو کەمەش ڕۆشت ئەوەی ماوەتەوە کەمێکە لەو کەمە.

[تفسير ابن ابي حاتم ١٠٠٦/٣]

• الله دەفەرموێت : فیتنە زۆر گەورترو ترسناکترە لە کوشتن.

ئیمام ابو عاليه لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێت : واتە هاوبەش دانان بۆ الله زۆر توندتر و خراپترە لە کوشتن.

[تفسير ابن أبي حاتم : ٣٢٦/١]

• قتادة دەڵێت: والله ئێمە نەمان دیووە کەسێک هاوڵایەتی کەسانێک بکات لە خەڵکی إلا وەک خۆی وابوە و هاوشێوەی بووە، هاوەڵێتی پیاوچاکان بکەن لە بەندەکانی الله تاوەکو لەگەڵ ئەوان بن یان وەک ئەوان بن.

[الإبانة ٥١١]

• عبد الله بن داود الغريبي دەڵێت: دین بەقسەو بیرو بۆچون نییە ، دین بەشوێنکەوتنی بەڵگەیە لەقورئان و سوننەت و هەڵینجراوی ئەوان.

[الطيوريات ١٠٤٣]

• ڕیوایەت کراوە لە ابن وهب بە ئیسنادێکی کامل لەڕێگەی نافعەوە کە دەفەرموێت: ابن عمر نینۆکەکانی دەکرد و سمێڵی کورتەکردەوە هەموو جوومعەیەک.

[فتح الباري لابن رجب : ٣٥٨/٥]









• احمد دەڵێت: هەرکەس بانگی کردی بۆ زەواج نەکردن ئەوە بانگی کردوی بۆ غەیری ئیسلام.

[المغنى ٧/٣٣٤]

• زوبەیری کوڕی عەدی دەڵێت: چوینە لای ئەنەس شەکوای حاڵمان باسکرد لەوەی حەجاج بەسەری هێناوین، فەرمووی : هیچ ساڵێک نیە ئیلا ئەوەی دواتر خراپترە لەو، تا دەگەنەوە الله، من ئەمەم لە رسول الله بیستوە صلى الله عليه وسلم.

[رواه الترمذي : ٢٢٠٦]

• آجوري دەڵێت: پێم خۆشە ئەوانەی قورئان دەخوێنن بەرۆژ یان بەشەو پاک بن و دەست نوێژیان هەبێت وە سیواک بکەن، ئەمە بۆ گەورەی قورئانە ، چونکە ووتەی الله دەخوێنێتەوە، وە فریشتە لێت نزیک دەبنەوە لەکاتی خوێندنی دا، وە ئەگەر سیواکت کردبێت فریشتەکان دەم دەنێن بەدەمتەوە لێت وەرەگرن ئایەت ئایەت لەکاتی خوێندنی هەر ئایەتێکدا، بەڵام گەر سیواکت نەکردبێت لێت دوور دەکەونەوە، ناکرێ ئەی ئەهلی قورئان فریشتە لێتان دورکەوێتەوە ئەدەب بەکاربێنن لەگەڵ قورئاندا.

[اخلاق حملة القران لإمام الآجري : ٩٢]

• حسن دەڵێت: باسکردنی ئەهلی بیدەع غەیبەت نییە.

• ابن ئەذینە دەڵێت: پێشەواکانمان فەرموویانە سێ کەس حورمەتیان نیە وە باسکردنیشیان غەیبەت نیە، کار بەدەستێکی زاڵم ، تاوانبارێک بە ئاشکرا تاوان بکات و گوێی لەعەیبە نەبێتەوە ، کەسی بیدعەچیش.

• أحمد دەفەرموێت : کەسێ بانگەوازی بۆ بیدعە کردو خەڵکی فێرکرد نوێژی لەدواوە ناکرێت.

[السنة للإمام حرب الكرماني ص ٣٣٩]

• قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : ڕوو خۆشی و پێکەنینت بەڕووی براکەت چاکەیە.

[رواه الترمذي ١٩٥٦ وهو صحيح]









• محمدی فضلی بەلخی دەڵێت: بەدرێژای چل ساڵ یەک هەنگاو نەناوە بۆ غەیری ڕەزامەندی الله.

[جامع العلوم والحكم ٨٦]

• شوعبە دەڵێت: چوار حەدیسم لە هەرکەسەوە بیستبێت دەبمە بەندەی تا مردن.

[تاريخ دمشق : ٤٣/١٨٥]

• سەرووەرمان صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت : فیتنەیەکم جێ نەهێشتوە خراپتربێت لەسەر پیاوان لە فیتنەی ئافرەتان.

[بر الوالدين للإمام البخاري ص ١٦٢ ؛ اسناده صحيح]

• باوکی صەخرە دەڵێت: کاری قەومی لوط (نێربازی) پێش ئەوەی پیاوان ئەنجامی بدەن لەناو ئافرەتاندا کراوە بە چل ساڵ لەوە و پێش (ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت هاوڕەگەز بازی).

[تفسير ابن ابي حاتم ٥٤١]

• زوهری دەڵێت: فێربونی سوننەت باشترە لە عیبادەتی چل ساڵ.

[السنة لحرب الكرماني ص ٣٢٩]

سوننەت لای سەلەف بەکۆی علومەکان وتراوە بەتایبەت عەقیدە.

• طاوس دەڵێت: پێم باشنیە پیاو بڕوانێت بۆ قژی کچەکەی کاتێک پێگەشتوە وە بۆ قژی خوشکەکانیشی.

[أحكام النساء لإمام أحمد]

• پرسیارکرا لە ئەبو داود: فیتنە زۆر بووە ئەهلی بیدەعیش زۆرن وەسێتت چیە بۆ ئێمە ، لەدوای تۆ لای کێ دانیشین بۆ فێربونی عیلم؟

فەرمووی لای کتێب دانیشن.

[الفوائد المنتخبة لابن بشكوال ١/٤١٣]

• ئەوزاعی دەڵێت: ئەمە زەمانی فێربوون نیە، زەمانی دەستگرتنە بە قورئان و سوننەت.









[السنة لعبد الله ٦٨٨]

• أبوبكر مالكی دەڵێت: خۆشبەختی بۆ ڕاستگۆیان لەم زەمانەدا، ئای چەندە پاداشتیان گەورەیە وەحاڵیان چەند نارەحەتە وەغەمیان زۆر دریژ خایەنە لە کاتێکدا لەنەفسی خۆیاندا دەبینن پێچەوانەی حەق ئەوەشی بۆی بانگەکات لە خۆشویستنی دونیا، وە خۆشویستنی ڕازیکردنی خەڵکی، بەڵام ئەوان لەگەڵ نەفس و خۆشویستنی دونیا ململانێیانە بۆ ڕەزامەندی الله ئامانجیان ڕازی کردنی خەڵکی نییە هیچ کات، ئەی بەندەی الله نەفست جڵەوگیر بکە لەسەر شەهوەتەکانت.

[الرياض النفوس ٣٢٩/١]

• سەلەمەی کوڕی عبد الملک دەڵێت: ئافرەتی چاک و ئیماندار باشترە بۆ پیاوی ئیماندار، لەچاوەکانی لەدەستەکانی لەقاچەکانی.

[احسن المحاسن لثعالبي ٣٦٨]

• ابن مسعود (رضي الله عنه) دەفەرموێت: پێویست نیە لەسەرت هاوڕێیەتی کەسێک مەگەر هاوکارت بێت بۆ زیکرێت.

[الزهد لأبي داود ١٤٦]

• قال ابن مسود رضي الله عنه: پەلەمەکەن لە پیاهەڵدان و زەمکردنی خەڵکیدا، ئەمڕۆ پێتدا هەڵدەدەن سبەی زەمت دەکەن، ئەمڕۆ ئازارت دەدەن سبەی سەرسامت دەکەن، بەندەکان لەگۆڕاندان الله لە تاوانەکان خۆشەبێت، زۆر بەبەزەییە بۆ بەندەکانی.

[المصنف : ٧/١٠٤]

• أبو اسحاق الفزاري دەڵێ: گوێم لە سفيان الثوري بوو دەیفەرموو: هەرکەس چروک بێت لەو زانستەی لایەتی تووشی سێ شت دەبێت.

یەکەم: یان لەبیری ئەچێتەوەو ناتوانێ لەبەربکات.

دووەم: یان دەمرێ و سوود ناگەیەنێ بەو زانستەی پێیەتی.

سێیەم: یان کتێبەکانی لەدەست دەچێت.

[الجامع لإخلاق الراوي : ٤٧٨]









• محمدی کوڕی عبدالوهاب الكوفي دەڵێت: بێدەنگی دوو تایبەتمەندی باش بۆ پیاو کۆدەکاتەوە.

یەکەم: سەلامەتی لەدینەکەی مسۆگەر دەکات.

دووەم: تێگەشتن لەهاوەڵەکەی.

[الصمت : ٥٥]

• عروة دەڵێت: پیاو ئەوە نییە بکەوێتە ناو کارێکەوە بتوانێ دەربازبێت، بەڵکو پیاو ئەوەیە خۆی دەپارێزێت (پێشبینی دەکات) بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناوی.

[العقل وفضله لابن أبي الدنيا : ٥٧]

• عبدالرزاق بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: معمر بۆی گێڕاینەوە لە ئیمامی ابن طاوس رحمه الله: کە دانیشتبو پیاوێکی موعتەزیلی هاتەلای و قسەی دەکرد، ابن طاوس هەردوو پەنجەی کردە گوێیەکانی و بە کوڕە کەشی ووت کوڕم پەنجەت بخە گوێیەکانت بەتوندی.

معمر فەرمووی: چونکە دڵ زەعیفەو بەزووی کاریگەر دەبێت بەقسەو نەخۆش دەکەوێت.

[الرد على المبتدعة لإبن البناء الحنبلي : ٢٢]

• عاصم ئەحول دەڵێت: لای قتادە دانیشتبوم باسی عەمری کوڕی عوبەیدی کرد (ئیمامی موعتەزیلەکان بوو) زەمی کردو کەوتە باسکردنی.

منیش پێم ووت: ئەی باوکی خطاب پێم سەیرە زانایان باسی یەکتری دەکەن.

فەرمووی: ئەی ئەحول ئایا نازانی گەر پیاوێک بیدعەیەکی داهێنا پێویستە باسبکرێت بۆ خەڵکی تاوەک و ئاگاداری بن؟

[الضعفاء لإبن عدی ٥/٩٧]

• عیسی ـی کوڕی یونس دەڵێت: لەگەڵ جەهمیەکان دامەنیشن، حاڵیشیان بۆ خەڵکی ڕوونبکەنەوە بۆ ئەوەی بیان ناسن و هۆشیار بن پێیان.

[نقض الدارمي : ١٤٣]









• بشر بن حرب دەڵێت: دەرچووم لەگەڵ عبد الله ــی کوڕی ئیمام عومەر رضي الله عنهم بۆ بازاڕ، نەدەڕۆشت بەلای گەورەو بچوک إلا دەی فەرموو السلام عليكم.

[العيال لإبن أبي الدنيا : ٢٨٢]

• قال صحابي جليل عبد الله بن مسعود رضي الله عنه: ئەی خەڵکینە فێرببن (فێری دین) هەرکەس فێربوو ، با کاربکات بەوەی فێری بووە.

[أبو داود في الزهد ١٦٦]

• علقمة دەڵێت: هەرکەس کۆتایەکانی سورەتی بەقەرە بخوێنێت لەشەودا، خێری شەو نوێژی بۆ دەنوسرێت.

[عبد الرزاق في تفسيره ٣٧٢]

• تابعی الجليل حسن البصري دەڵێت: ئەگەر بابەتێک لە زانستی دینەکەم فێرببم، پێم خۆشترە لەلام لەدونیاو ئەوەشی تێیدایە.

[زوائد كتاب الزهد للإمام إحمد : ١٥٤٠]

• عبد الله بن مسعو رضي الله عنه دەفەرموێت: ئارام گرتن نیوەی ئیمانە، یەقین و دڵنیای هەموو ئیمانە.

[وكيع في الزهد : ٢٠٣]

• حسن بصري لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: وەک ئاژەڵ بەڕێ دەکرێن بۆ جەهەنەم بە توینێتی.

[هناد بن السري في الزهد : ٢٨٣]

• مسروق بن الأجدع دەڵێت: مادام بەردەوام دڵ یاد و زیکری الله بکات لەنوێژدایە، ئەگەر لە بازاڕیشدا بێت.

[ابن أبي شيبة في المصنف : ٣٦٢٠٨]

• الفضيل بن عياض دەڵێت: وەرع لە زوباندایە.

[الورع : ٩٧]

• پیاوێک ووتی بە إبراهيم المزني: ئەی ئیبراهیم فلانەکەس ڕقی لێتە.









فەرمووی لە نزیک بوونی خۆشحاڵی بەدی ناکرێ لە دوربونیشی غەریبی هەست پێ ناکرێت.

[الشعب : ٨١٣٦]

• بەڵام أحمد دەڵێت: کاتێک ابن خالد پرسیاری لێکرد دەربارەی کەسێکی گومڕا، لە درێژەی ووتەکانی فەرمووی: ئایا هەرکەس حەدیثی بۆ گێڕایەتەوە و موبتەدیعیش بێت لەگەڵی دادەنیشیت؟

نەخێر نابێت هەرگیز لەگەڵیان دانیشیت.

[طبقات الحنابلة ١٥٠/٢]

• لە یحیی کوڕی أبي کثیرەوە دەڵێت: باشترین هاوڕێ ئەوەیە بە هاوڕێکەی بڵێت وەرە بەڕۆژوبین پێش ئەوەی بمرین.

خراپترین هاوڕێش ئەوەیە بە هاوڕێکەی بڵێت وەرە بخۆین و بخۆینەوە پێش ئەوەی بمرین.

[الحلیة : ٧١/٣]

• هشام بن عروة بن الزبیر دەڵێت: باوکم نوێژە فەرزەکانی درێژ دەکردەوە و دەیفەرموو: ئەمە لوتکەی سامانە.

[ابن أبي الدنیا في الورع : ٢٥]

• مکحول دەڵێت: هەرکەس بڵێت: لا حول ولا قوة إلا بالله ، ولا ملجأ من الله إلا إلیه.

الله حەفتا دەرگای ناهەمواری و نارەحەتی لەسەر لادەبات کە نزمترینیان هەژاریە.

[ابن أبي شیبة في المصنف : ٣٠٤٤٧]

• الحسن البصري دەڵێت: بەردەوام مرۆڤ لەخێر دایە مادام ئامۆژگاری کاری نەفسی خۆی بێت.

[الحسین المروزي في زوائد الزهد : ١٠٩٣]









• إبراهيم التيمي دەڵێت: بۆی گێڕامەوە ئەوانەی هاوەڵایەتی ربيعی كوڕی خثيميان دەكرد (التابعي) ، بيست ساڵ وتەيەكی عەيبيان لێنەديوە بيكات.

[ابن أبي شيبة : ٣٦٠٠٧]

• التابعي مكحول رحمه الله دەڵێت: پياوێكم بينی لەنوێژدا دەگريا تۆمەتبارم كرد بەوەی بۆ ريا دەگری، يەكساڵ لەگريان بێبەش بووم بۆ الله.

[العقوبات لابن أبي الدنيا : ٨٣]

• طاووس دەڵێت: خۆشی و شيرينی دونيا تاڵی ئاخيرەتە ، تاڵی دونيا خۆشی و شيرينی ئاخيرەتە.

[ابن أبي شيبة في المصنف : ٣٦٤٥]

• عبد الله بن عمر رضي الله عنهما دەفەرموێت: پێويسترين شت لەسەر مرۆڤ كە پێويستە پاكی بكاتەوە زوبانيەتی.

[ابن أبي الدنيا في الصمت : ٩٩]

• أيوب السختياني دەڵێت: هەركەس ئەبوبەكری خۆشبوێت دينەكەی قايم ڕاگرتووە، هەركەس عومەری خۆشبوێت ڕێگای بۆ ئاشكرا دەبێت و هيدايەت وەردەگرێت، هەركەس عوسمانی خۆشبوێت بەنوری الله ڕووناک دەبێتەوە، هەركەس عەلی خۆشبوێت دەستی گرتووە بە ئەركان و بنچينەكانی دينەوە، وە هەركەس بەباشە باسی هاوەڵان بكات ئەوا دورە لە نيفاق.

[الورع للحافظ المروذي : ٩٩]

• عثمان بن سعيد الدارمي دەڵێت: ئەمە بيدعەو ماڵوێرانی ستەمێكی گەورەيە شوێنتەفسيری قورئان بكەويت بەبێ ئەوەی لە هاوەڵانەوە هاتوە، وە وازبێنيت لەو تەفسيرانە كە بە صحيحی لە رسول الله صلى الله عليه وسلم و هاوەڵان و تابعينەوە هاتووە رضي الله عنهم.

[الرد على الجهمية ص : ١٢٢]

• عبد الله بن مسعود رضي الله عنه دەفەرموێت : ئێش و ئازار ئەجری پێ نانوسرێت بەڵام تاوان دەسرێتەوە.





[ابن أبي شيبة في المصنف : ١٠٩٢٦]

• عبد الله بن مسعود دەفەرمویت: هەرکەس زانستی دەویت بابیربکاتەوە و تیرامینیێ لە قورئان چونکە لە قورئاندا زانستی سەرەتاکان و کۆتایەکانی تیدایە لەوانەی ڕابوردن و دین.

[مسند كما في المطالب العالية : ٣١٠٠]

• أبي يَعْفور دەڵیت: ابن عمر ـــ دی پۆشاکەکەی لەنیوەی لاقیدا بوو یان نیزیک لە نیوەی لاقی.

[ابن أبي شيبة في المصنف : ٢٥٣١٧]

• أبو الزنادى تابعی دەڵیت: پیاو بە پیاو دانانریت تاوەکو سوننەت نەناسیت.

[تأريخ الكبير للبخاري : ١٥٧/٥]

• تابعي صفوان بن سليم القرشي دەڵیت: زەمانیک دیت بەسەر خەڵکیدا هەموو هیمەت و هەوڵیکی خەڵکی بۆ دووشتە ، تیرکردنی سکی و شەهوەت و ئارەزووی.

[الجوع لابن أبي الدنيا : ٢٦١]

• الشعبي دەڵیت: گەشتم بە زیاتر لە پینجەسەد صەحابە هەموویان دەیان فەرموو: عثمان و عەلی و طلحەو زبير لە بەهەشتن رضي الله عنهم جميعا.

[السنة للخلال : ٤٥٥]

• على ابن الحُسَين (زين العابدين) منداڵەکەی فیرەکرد بڵێ ئیمانم هیناوە بە الله و کافربووم بە طاغوت.

[ابن أبي شيبة في المصنف : ٣٥١٨]

• تابعی المخضرم مسروق کوری الأجدع دەڵیت: خۆشویستنی ئەبوبەکر و عومەر و زانینی پلەو پایەیان لە سوننەتە رضي الله عنهما.

[ابن أبي شيبة في المصنف : ٣٢٦٠]









• تابعي يحيي کوڕی أبي کثير رحمه الله تعالى دەڵێت:

سێ شت لەهەر ماڵێکدا هەبێت بەرەکەتی تێدانیە (ئیسراف - زینا - خیانەت).

[حلية الأولياء : ٢/٣٤٨]

• تابعي سعيدی کوڕی المسيب دەڵێت: گەیشتومەتە هەشتا ساڵ شتێک نیە ترسم لێی هەبێت هێندەی ئافرەتان.

[ابن سعد في الطبقات : ٦٩٤٨]

• اللالكائي ڕیوایەتیان کردووە لە محمدی کوڕی نصر حارثي کە دەڵێت:

هەرکەس گوێ ڕابگرێ بۆ خاوەن بیدعەیەک ئەوا پارێزگاری لێ هەڵدەگیرێت وە دەدرێتە دەستی نەفسی خۆی.

[أصول الاعتقاد ١/٢٥٢/١٥٣]

[الإبانة : ٢/٣/٤٥٩/٤٣٤]

[الدينوري : ٢/٢٠٩/٣٣٥]

[هروي في ذم الكلام: ١٣٩/٥]

• مکحول دەڵێت: هەرکەسێک طلبی عیلم بکات بۆ ئەوەی موناقەشەی نەزانەکانی پێبکا یان فەخری پێبکات بەسەر زاناکان یان سەرنجی خەڵکی پێ ڕاکێشێت بۆ خۆی ئەوکەسە لە ئاگردایە.

[عبد الله بن أحمد في زوائد الزهد : ١٢١١]

• تابعي سعيد بن جبير دەڵێت: گەر نوێژ بکەم لەگەڵ ئیمامێک هل أتاك حديث الغاشية بخوێنێت ، پێم خۆشترە لەوەی سەد ئایەت بخوێنم لە نوێژەکەم دا.

[عبد الرزاق في المصنف : ٢٠٢٢]

• حەسەنی بەصری پرسیاری کرد لە فرزدق کە دەڕۆشتن بۆ ناشتنی جەنازەیەک فەرمووی: چی ئامادەبکەم بۆ ئەم ڕۆژە ؟

ووتی: لا إله إلا الله

ئیمامی حسن فەرموی والله فەقیهە.

[القبور لابن أبي الدنيا : ١١٣]









• حنبل دەڵێت: چوم بۆ حەج لەوێ پەردەی کەعبەم دی ئەمەی لێنوسرابوو (ليس كمثله شيء وهو اللطيف الخبير) ئایەتەکە خۆی بەم جۆرەیە (ليس كمثله شيء وهو السميع البصير) ، کاتێک گەڕامەوە بەغداد گێڕامەوە بۆ ئیمامی أحمد،

فەرمووی: الله بیکوژێ ئەو پیسە دەستی چوەتە گۆڕینی کتابی الله ـ ش (مەبەستی ابن أبي دؤاد بوو) کە ئیمامی موعتەزیلەکان بوو، دەستێکی باڵای هەبوو لە فیتنەی خەلقی قورئان.

[طبقات الحنابلة : ٣٦٨/١]

• أبوبکری کوڕی عییشا دەڵێ ووتم بە أعمش چەند کەست دەبینی لەوانەکانی ابراهیم دا؟

ووتی: دوان یان سیان یان چوار هەرئەوەندە.

[الجعديات ٧٧٩ بسند صحيح]

• قتادة دەڵێت: یەک ئایەت نیە لەقورئاندا ئیلا شتێکم دەربارەی بیستووە لە زانایان دەربارەی.

[الجعديات : ١٠٣١]

• مالک دەڵێت: ابن هرمز ـم بینی بەتەنها لەماڵەکەی خۆیدا، باسی ئیسلام ڕوکن و پایە و سوننەتەکانی دەکرد فرمێسکەکانی بە ڕیشیدا دەهاتنە خوار و دەگریا.

[تاريخ أبي زرعة الدمشقي : ١/٥٧٣]

• تابعی عامری کوڕی شراحیلی شعبي دەڵێت: قیامەت ڕوونادات تاوەکو عیلم دەبێت جەهل وە جەهلیش دەبێتە عیلم.

[ابن أبي شيبة في المصنف : ٣٧٥٨٨]

• أحمد دەڵێت: لەدوای تاوانی کوشتن هیچ تاوانێک نیە هێندەی زینا گەورەتر و توند تربێت.

[زاد المسافر : ٢٢٩٦]

• أحمد دەڵێت: من داوای زانست دەکەم تا دەچمە گۆڕ.

[شرف أصحاب الحديث : ١٣٨]









• شافعی دەڵێت: ئەگەر بزانم ئاوی سارد لە پیاوەتی و شەهامەتم کەمەکات نای خۆمەوە.

[مناقبة لابن ابي حاتم]

• محمد بن ابراهيم التيمي دەڵێت: کە منداڵ بووم دایکم دەیوت : برۆ فێری زانستی شەرعی ببە لای زانایان منیش پارەت پێ ئەدەم.

[العلل لعبد الله بن أحمد : ١٣٦٢]

• مالک بن أنس رحمه الله تعالى دەڵێت: پێویستە لەسەر ئەوەی طلبی علم دەکات دەبێت نەرم و نیان و ئارام و لەسەر خۆبێت وەترسی هەبێ وە دەبێت شوێن کەوتەی فعل و ووتەی پێشین بێت لەوانەی لەسەر سوننەت ڕۆشتن.

[حلية الأولياء - ترجمته]

• الشافعی دەڵێت: لەناو بەرو نەخۆشی علم بریتیە لە نائومێد بون و کەمی ئارامگرتن لەسەر دەرس و تێڕامان و خوێندنەوە.

[جزء في الحكايات عن الشافعي للآجري ص ٣٣]

• أبوبکر الأثرم رحمه الله دەڵێت: ئەگەر نوێژی وتر واجب بوایە ئەوا ئەوکەسەی وازی لێدێنێ کافر دەبوو وەک هەموو نوێژە فەرزەکان.

[ناسخ الحديث ومنسوخة ص: ٩٤]

• ابراهیمی کوڕی عویەینە دەڵێت: وترا بەهەندێ حەکیم چی شتێک لە دونیا دەچێت ؟

ووتیان : خەونی کەسی نووستو.

[الزهد لابن أبي الدنيا : ٢٢]

• أحمد دەڵێت: لەقورئاندا زۆر بەڵگە هەیە بەسەر جەهمیەکانەوە، ئەو ئایەتەی کە الله دەفەرموێت (خلقتُ بيديّ) واتە: بە دوو دەستی خۆم ئادەمم درووستکرد، زۆر قورسە لەسەریان.

[جزء في السنة لغلام الخلال - مقدمة زاد المسافر ص ٢٩١]





• ئیمامی أحمد دەڵێت: زانست بەهرەیە لەلایەن الله وە هەموو کەس ناتوانێ پێی بگات.

[طبقات الحنابلة ١/٣٢٣]

• عوفی اعرابی کە لە طەبەقەی اتباعی تابعینە دەڵێت: لە ڕەوشتی مونافیق ئەوەیە کە پیاهەڵدانی پێخۆشە ڕەخنەی لێبگریت ڕقی لێیە.

[الزهد لأحمد : ٢٢٢٧]

• حافظ دشتي کوڕی حنبلی دەڵێت: هیچ کەس لەسەر زەویدا نیە زاناتربێت بە قورئان و سوننەت وەک ئەهلی حدیث.

[كتاب إثبات الحد ص ١٤٧]

• ابن عدی دەڵێت بۆی گێڕاینەوە محمدی کوڕی هارونی کوڕی حسان لە صالحی کوڕی أیوب ئەویش لە حبیبی کوڕی أبی حبیب کە ووتی ئیمامی مالک فەرمووی: الله سێیەکی شەو فەرمانی دادەبەزێت و خۆی دانابەزێت بە ذات جل شأنه بۆ ئاسمانی دونیا.

یحیی کوڕی بکیر دەڵێت: ئەم ڕیوایەتە زەعیفە والله، حبیب لە مالک حەدیثی نەبیستووە.

[الصفات لإبن محب]

ابن تیمیه دەڵێت: حبیب درۆزنە بە اتفاقی ئەهلی علم.

[مجموع الفتاوى : ٤٠١/٥]

• ابن قتيبة دەڵێت: واجب نیە هەموو کەس قورئان لەبەربکات وە خەتمی بکەن لە فێربوندا، بەڵکو قورئان دابەزیوە بۆ ئەوەی ئیمان بێنن بە لێکچوەکانیان، فەرمان پێکراوەکانی جێ بەجێ بکەن، وە لە ڕێگری کراوەکان دورکەونەوە. وە لەبەری بکەن بۆ نوێژەکانیان بەپێی توانا.

[تأويل مشكل القرآن ص ٢١٠]

• أحمد دەڵێت: الحور العين نامرن لەکاتی فوکردن بە الصور دا لەبەر ئەوەی درووست کراون بۆ مانەوە.





[مسائل حرب الكرماني ص ٣٥٨]

• أحمد دەڵێت: بیستومە کە زۆر کەمن کەسانێک کتابێک بێنن و تەماشای بکەن ئیلا سودێکی هەر لێ دەبینێت.

[العلل برواية عبد الله : ٢٣٩٣]

• ئیمامی عبد الله بن عمر بن خطاب رضي الله عنهما دەفەرموێت: جنێو مەدەن بە هاوەڵانی رسول الله صلی الله علیه وسلم، ساتێکی مەقامی ئەوان باشترە لە عیبادەتی چل ساڵی ئێوە.

[فضائل الصحابة لأحمد : ١٧٢٩]

• علي بن أبي طالب رضي الله عنه وأرضاه دەفەرموێت: لە خۆشەویسترین ووتەکان لای الله ئەوەیە کە مرۆڤ لە سوجدەدا دەڵێت: (ظلمتُ نفسي فاغفر لي)

واتە: ستەمم لەنەفسی خۆم کرد لێم خۆشبە.

[مصنف ابن أبي شيبة : ٢٩٨٤٢]

• أبو عبیدە لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە لەتەفسیری ئەم ئایەتە فەرموویەتی: (قال تعالی : فسوف يلقون غيا).

غی : ڕوبارێکە لە جەهەننەم ئەوانە دەخرێنە ناوی کە شوێن هەوەس و ئارەزوات کەوتون.

واتە : ڕووبارێکی کوڵاو.

[الزهد للإمام أسد بن موسى ٢١٢ه]

• الله سحانە وتعالی دەفەرموێت: (ٱلَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَنْ سَبِيلَ اللهِ زِدْنَاهُمْ عَذَابًا فَوْقَ ٱلْعَذَابِ)

ئەوانەی کافر بوون و لەرێگەی الله پشتیان هەڵکرد، سزایان بۆ زیاد دەکەین لەسەر سزا.

ابن مسعود لەتەفسیرەکەی دەفەرموێت: واتە کۆمەڵێ دوپشکیان بۆدێت کە ددانەکانیان وەک دارخورمای زۆر درێژ وەهایە.

[الزهد للإمام أسد بن موسى ٢١٢ه]







• عبد الله ی کوڕی مبارک رحمه الله دەڵێت: هەموو قەومێک ئەوەی دەیپەرستن ئەیناسن جگە لە جەهیەکان.

[خلق أفعال العباد للبخاري : ٧٣]

• حافظ مروذي دەڵێت: ئەگەر بە ئیمامی أحمد بگەشتایە کەسێک شوێن ڕێچکە و ڕێبازی هاوەڵان و تابعین کەوتوە و دەست گرتوە بەوەی ئەوان لەسەری بوون، پرسیاری دەکرد دەربارەی و پێی خۆشبوو بیناسێت و لێک نزیک بن.

[الآداب الشرعية : ٨/٢]

• محمد بن سیرین دەڵێت: هەرگیز حەسودیم بەکەس نەبردووە لە هیچ شتێکدا چاک یان خرپ.

[ابن سعد في الطبقات : ١٠١٥٧]

• عبد الله بن سلام رضي الله عنه دەڵێت: الله ئادەمی لەکۆتای ڕۆژی جومعەدا درووستکرد.

[ابن سعد في الطبقات : ٤٤]

• حسنی بصری دەڵێت: هەرکەس نەترسێت لەنیفاق موناقیقە.

[جامع العلوم والحكم : ٤٥١]

• حسنی کوڕی یحیی الخشنی دەڵێت: هەرکەس دەیەوێت فرمێسک زۆر بڕێژێت و دڵی نەرم بێت با بەنیوەی سکی بخوات و بخواتەوە.

[جامع العلوم والحكم : ٤٤٥]

• أیوبی سختیانی دەڵێت: وازهێنان لەنوێژ کوفرێکە هیچ خیلافی تێدانیە.

[جامع العلوم والحكم ص ٥٣]

• رسول الله صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: هیچ پیاوێک نیە برایەکی هەبێت لەپێناو الله إلا اللهماڵێکی بۆ درووست دەکات لە بەهەشت.

[رواه ابن ابي شيبة : ٣٤٧٥٩] و [الطبراني في المسند الشاميين : ١٥٧]





• حسنی بصري دەڵێت: لەنێوان ڕۆشتنی یوسف لای یعقوبی باوکی علیهما السلام تا ئەو ڕۆژەی پێک شادبونەوە هەشتا ساڵی خایاند، غەم لەدڵی یعقوب دەرنەچوو فرمێسکەکانی وشک نەبون تاوەکو چاوەکانی لەدەست دا، لەوکاتەدا هیچ کەس لە زەویدا لە یعقوب بەڕێزتر نەبوو لای الله.

[ابن أبي الدنيا في العقوبات : ١٥٥]

• هەواڵی پێدام حربی کوڕی إسماعیلی کرمانی ووتی: بۆی گێڕاینەوە موسی ـی کوڕی هارون، کەفەرمووی: گوێم لێ بوو لە فریابیەوە کە پیاوێک پرسیاری لێکرد دەربارەی جنێودان بە ئیمامی أبوبکر؟

فەرموی: کافرە، وتی: ئایا نوێژی لەسەر دەکرێت؟ فەرموی: نەخێر.

وەپرسیارم لێکرد چی لێبکەین خۆ ئەو دەڵێت لا إله إلا الله؟

فەرمووی: با دەستان بەری نەکەوێت بەڵکو لەسەر دارەمەیتەکەی بەرزی کەنەوە تا دەیشارنەوە و دەیخەنە گۆڕەکەی.

دووشت فێرەببن:

یەکەم: حوکمی کەسێک جنێو بدات بەو هاوەڵە بەڕێزە.

دووەم: کەسێک کوفری هەبوو لا إله إلا الله هیچ سوودێکی نیە بۆی.

[کتاب السنة للخلال : ١/٧٧٩]

• أبي سفیان دەڵێت: دەچوینە لای جابر رضي الله عنه لە ماڵەکەی خۆیدا پیاوێک پرسیاری لێکرد ئایا ئێوە بەکەسێک دەڵێن مشرک کە ئەهلی قیبلە بێت؟

فەرمووی: پەنا بە الله چۆن شتی وادەڵێین؟

ووتی : ئایا بە ئەهلی قیبلە دەڵێن کافر؟

فەرمووی: نەخێر.

ووتی ئایا بە ئەهلی قیبلە دەڵێن موسڵمان؟

فەرمووی : بەڵێ.

[أخرجه اللالكائي : ٢٠٠٩، ٢٠٧]

[أخرجه المروزي في تعظيم قدر الصلاة : ٩٤٧]

• موسی ـی کوڕی طلحة دەڵێت: بیست و چوار برینم بینی بە جەستەی طلحەوە کە لە جیهاد لەگەڵ پێغەمبەردا بریندار بوو بوو صلی الله علیه وسلم.





[ابن ابي شيبة في المصنف : ٣٢٨٢٠]

• ئیمامی علي رضي الله عنه دەفەرمووێت: وای لێدێ هیچ شتێک لە ئیسلامەتی نامێنێت تەنها ناوی نەبێت وە لە قورئانیش تەنها وێنەکەی . مزگەوتەکانتان ئەو ڕۆژانە باڵەخانەی بەرز و جوانن بەڵام داڕماوە لە هیدایەت و هیچی تێدا نیە زاناکانتان خراپترینی سەرزەوین وە فیتنە لەوانەوە دەردەچێت و دێتەوە.

[ابطال الحيل لإبن بطة العكبري]

• مروانی کوڕی محمد دەڵێ : بیستومە لە هەندێک قوڕەیشی دەیان وت : کامڵبونی عالم بە زانستەکەی سێ شتە.

یەکەم : وازهێنان لە دونیا بە زانستەکەی.

دووەم : پێخۆشبونی بۆ سودگەیاندن بەوانەی لەگەڵی دادەنیشن تا سودیان پێبگەیەنێت.

سێیەم : لێبوردەی بۆ خەڵکی.

[كتاب إبطال الحيل لإبن بطة العكبري]

• مقاتل دەڵێت: لە یحیی کوڕی أبی کثیرەوە لە أبي هريرة وە لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : مەکر و فێڵی ئافرەتان زۆر گەورەترە لەفێڵی شەیتان ، چونکە الله دەفەرمووێت : (إِنَّ كَيۡدَ ٱلشَّيۡطَٰنِ كَانَ ضَعِيفًا) : بەڕاستی مەکر و فێڵی شەیتان لاوازە ، وە دەفەرمووێت : (إِنَّ كَيۡدَكُنَّ عَظِيمٞ) بەڕاستی فێڵ و مەکری ئافرەتان گەورەیە.

بۆیە هەندێک لەزانایان دەڵێن هێندە لە ئافرەت دەترسین هێندە لە شەیتان ناترسین.

[تفسير الأضواء البيان - تفسير القرطبي - تفسير أبى السعود]

• فاروق عمر بن الخطاب رضي الله عنه دەیفەرموو : زنستان غەنیمەتی ئەوانەیە عیبادەت دەکەن.

[ أبو نعيم في الحلية ٢٦/١ و مصنف ابت أبي شيبة ]









• تابعي إمام عبيد بن عمير : کاتێ زستان بهاتایە دەیفەرموو : ئەی ئەهلی قورئان شەو درێژ بوە بۆ شەونوێژەکانتان ڕۆژیش کورتە بۆ ڕۆژوی سونەت ، لەدەستی مەدەن و بەدەستی بێنن.

[ ابن أبي شيبة في المصنف ٩٨٣٦ ]

• تابعي الحسن البصري دەڵێت: پێمان گەیشتوە کە فریشتەکان دڵخوشی ئیماندار ئەدەن بە هاتنی زستان کە شەو درێژە بۆ شەونوێژ و زیکر ڕۆژیش کورتە بۆ ڕۆژوگرتن.

[ الزهد لأبي حاتم ٦٤ ]

• فریابی بۆمانەگێڕێتەوە دەڵێت: بۆیگێڕاینەوە عبدالله کوڕی عەمری قواریری ، وە باوکی عبدالله محمدی کوڕی أبوبکری مقدمی ، وتیان : بۆیگێڕاینەوە دەیلەمی کوڕی غزوان ، بۆیگێڕاینەوە میمونی کوردی ، لە باوکی عثمانی نهدیەوە ، وتی لای ئیمامی عومەر بووم کە فەرمووی لە خوتبەی جومعەدا :

گوێم لێبوو رسول الله صلی الله علیه وسلم دەیفەرموو : ئەوەی زۆر لێی دەترسم لەسەر ئومەتەکەم کەسانی دووڕوی زمان پاراون.

[كتاب صفة النفاق و نعت المنافقين للفريابي ٢٢]

• أحمد دەڵێت: برا زۆری لێدەکرێت لەسەر نەفەقەی خوشک گەر ئەو خوشکەی موحتاج بوو.

[زاد المسافر ٣٠٩٠]

• إبراهیمی کوڕی أدهم جلەکەی لەبەری بوو دەیفرۆشت و نرخەکەی دەبەخشی بە هاوڕێکانی دونیا زۆر سادەتر بوو لای لە پەلی دارێک (چیلکەیەک).

[طبقات الحنابلة ٥٨٧/٢]

• وترا بە باوکی عبدالله أحمد بن حنبل : کامەیە خۆشەویستی لە پێناو الله؟ فەرمووی : ئەوەیە لەبەر ویستێکی دونیایی خۆشت نەوێت.

[طبقات الحنابلة ١٣٩/١]









• سفيان بن عيينة دەڵێت: گرنگی دانت بە ڕزق و ڕۆزی سبەینێت هەڵەیە.
[الزهد لأحمد ٢٦٤/١]

• لە ثوري وە ، دەڵێت: ڕازیکردنی خەڵکی مەبەستێکە پێی ناگەیت.
[ الزهد البهيقي ١٦٨]

• لە عبيد الله بن عيسى ، دەڵێت: بەردەوام ئەم ئومەتە لە خێردان مادام منداڵەکانیان فێری قورئان دەبن.
[العيال ٤٨٠]

• لە ثابتی کوڕی عبیدەوە ، دەڵێت: زەیدی کوڕی ثابت کراوەترین و سوعبەترین کەس بوو لەگەڵ خێزان و ماڵ و منداڵیدا.
[الشعب ٧٨٥٢]

• لە جەعفەری کوڕی برقانەوە ، دەڵێت : میمونی کوڕی میهران پێی وتم : ئەی جەعفەر پێم بڵێ چی هەیە لە مندا کە بەلاتەوە ناشیرین بێت ؟
پیاو ئامۆژگاری براکەی نەکردوە تا ئەوکاتەی ، ئەوەی تێیدایە ناپەسەندە پێی دەڵێت.
[الحلية ٨٦/٤]

• النعمان بن بشير رضي الله عنه دەڵێت: بەڕاستی لەناو چون و ئەوپەڕی لە ناوچون ئەوەیە کار و کردەوەی خراپ بکەی لە زەمانی تاقیکردنەوەدا.
ابن أبي شيبة(٣٤٧٢٤)

• سلمة بن دينار (تابعي) دەڵێت: چاکەکانت داپۆشە زیاتر لەوەی خراپەکانت دادەپۆشی.
ابن أبي شيبة(٣٥٢٧٦)

• وهب بن منبه (تابعي) دەڵێت: لە تایبەتمەندی کەسی مونافیق ئەوەیە پێی خۆشە سوپاس بکرێت ، ڕقی لەوەیە ڕەخنەی لێبگیرێت.
ابن أبي شيبة(٣٥١٧٧)









• لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا

قال الله تعالى : (وَٱلرُّجۡزَ فَٱهۡجُرۡ)

ابن عباس دەفەرموویێت : واز لەبتەکان بێنن و عیبادەتیان بۆ مەکەن

ضحاک دەڵێت: دورکەونەوە لە شیرک و هەجری بکەن.

تفسير البغوى

• الحسن البصري دەڵێت: لە ڕابردودا ئیمانداریک بونی نەبووە ، وە ئێستەش ئیمانداریٙ بونی نیە إلا مونافیقێک لە تەنیشتیەتی و ئازاری دەدات.

[طبقات الحنابلة ٣/٣٩٧]

• مالک بن مغول دەڵێت: هەرکەس هیوای کەم بێت ژیانی زەحمەتی تێدا نابێت.

[قصر الأمل ٣٧]

اللهأکبر لەم وتە چەندە جوانە

• عبدالله بن عبید بن عمیر دەڵێت: نابێت .. بەندەیەک کە دەستی گرتوە بە تەقوا و الله ڕزقی داوە بە دونیا نەویستی و خۆپارێزی

خۆی زەلیل کات بۆ کەسی خاوە سامان و دەسەڵات.

[ القناعة ٤٠]

• لە إبراهیم التیمیەوە ، دەڵێت: بینیم لە خەونمدا وەک ئەوەی بم بەنە سەر ڕوبارێک و پێیان وتم : بخۆرەوە لێی و خۆت تێرئاوکە بۆ ئەوەی لە دونیادا زۆر ئارامت گرت.

[الصبر ٨٢]

قال الله تعالى (وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡمُعۡصِرَٰتِ مَآءࣰ ثَجَّاجࣰا )

حسنی بصري دەڵێت: المعصرات : هەورەکانە

الثجاج : ئاوی زۆرە ، بەو هۆیەوە الله تۆو دەڕوێنێت.

[ ابن أبي الدنيا في المطر والرعد والبرق ٧٢]





- أحمد دەڵێت: پێم گەشتوە کە عامری کوڕی عبداللەی کۆڕی زبیر فەرموویەتی:

لەدوای مردنی باوکم هیچ داوایەکم لە الله نەکرد إلا بۆ باوکی نەبێ لە دوای ساڵێک دوعام بۆ خۆم دەکرد

[مسائل صالح ٩٠٢]

- ابن سیرین دەڵێت: تاقی کردنەوەی خەڵکی بەوەی لێیان بپرسی ئایا تۆ موسڵمانی ؟

بیدعەیی خەواریجە.

[رواه اللالكائی ١٨٠٤]

- دایکمان عائیشە دەفەرموویت : ئێوە وازتان لە گەورەترین عیبادەت هێناوە کە بریتیە لە خۆبەکەم زانین.

[ مصنف ابن أبي شیبة ٣٥٨٨٤ ]

- حافظ مروذي دەڵێت: ئەگەر بە ئیمامی أحمد بگەشتایە کەسێک شوێن ڕێچکە و ڕێبازی هاوەڵان و تابعین کەوتوە و دەست گرتوە بەوەی ئەوان لەسەری بوون پرسیاری دەکرد دەربارەی و پێی خۆشبوو بیناسێت و لێک نزیک بن.

الآداب الشرعیة[٨/٢]

- هاوەڵی بەڕێز ابن مسعود لە تەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرموویت : (الرحمن على العرش استوى)

الله عز وجل دانیشتوە لەسەر عەرش.

- لە عبادی کوڕی منصورەوە ، وتی : پرسیارم کرد لە حسن و عکرمە دەربارەی ئەم ئایەتە ( الرحمن على العرش استوى )

فەرموویان : دانیشتوە.

[إثبات الحد لله لدشتی ٢٣٥]





• صحابي جليل سلمان الفارسي رضي الله عنه دەفەرمووێت : کاتێک کەسێک نوێژ دەکات تاوانەکانی لەسەری دا کۆدەکاتەوە کاتێک سوجدە دەبات تاوانەکان دەوەرن وەک چۆن گەڵای دار دەوەرێت.

[ الجعديات ٥٤٨ ]

• لە میمونیەوە دەڵێت: وتم بە ئیمامی أحمد ئەی باوکی عبدالله کاتێک جەنازەی ابن طراحی جەهمیان هێنا منداڵەکان هاواریان دەکرد و دەیان وت : بنوسە بۆ مالک دەرگاوانی جەهەنەم کە سوتەمەنی ئاگرت بۆ هات .

ئیمامی أحمد زۆر خۆشحاڵ بوو بەو قسە دەیفەرموو هاواریان کرد هاواریان کرد ئەو منداڵانە بە ئاشکرا ئەو جەهمیەیان تەکفیر کرد چونکە کەوتبوە کوفرەوە.

[السنة للخلال ١٧٦٨]

• سهلی تستری لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت : (١/٥٤): نەفس گەورەترین طاغوتە.

• رسول الله صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت : تیاچون بۆ ئاڵتون و زیو.

ئیمامی عمر فەرمووی : فەرمانمان بەچی پێدەکەی ؟ یان چیبکەین؟

فەرمووی : زوبانێک کە پاراو بێت بە ذکر دڵێکی سوپاس گوزار ، هاوسەرێک کە هاوکارت بێت بۆ قیامەتت.

[كتاب الزهد للإمام أحمد]

• پێغەمبەری خوا علیه صلاة والسلام دەفەرموێت : کەسی وا هەیە لە ئومەتم گەر ببێتە بەردەرگای یەکێک لە ئێوە و داوای دینارێک فلسێک درهەمێک بکات پێی نادەن ، بەڵام گەر داوای بەهەشت بکات لە الله پێی دەبەخشێت وە داوای دنیا بکات پێی نادات خۆ ئەگەر سوێند بخوات و بڵێ سوێند بەتۆ یا الله ئەو شتەم بۆ بکەی ئەوا بۆی دەکات.

رواه هناد في الزهد ١/٣٢٣ ، وابن أبي الدنيا في الخمول والتواضع ، والحارث بن أبي أسامة في بغية الباحث ١١٠٣ ، وطبراني في معجم الأوساط ٧٥٤٨ .

• ئەوزاعی دەڵێت: مەکە داری حرب بوو موسڵمانی شی تێدا بوو.

[الرد على سير الأوزاعي ص١٢٨]









• ابن مسعود دەی فەرموو: والله ئەوكەسەی فەتوا بۆ خەڵكی دەدات لە هەموو بابەتێكدا شێتە.

مسند ابن الجعد(٣٢٠)

• سفیانی الثوري دەڵێت: نازانم ئەمڕۆ شتێک هەبێت باشتربێت لە طلبی علم[داواكردنی زانستی شەرعی]

وتیان: بەڵام نیەتیان نیە لە داواكردنیدا.

فەرمووی : داواكردن بۆ خۆی نیەتە.

مسند ابن الجعد(١٩١٤)

• نافع دەڵێت: ابن عمر بۆن خۆش ئەكرد هەموو جومعەیەک.

مصنف ابن ابي شيبة(٥٥٩١)

• مجاهد بەباشی نەزانیوە كەسێک قسە دەهێنێت و دەبات پێش نوێژی بكات.

مصنف ابن ابي شيبة(٦١٥٣)

• ابن جریج دەڵێت: وتم عطاء ئایا ڕقت لە نوستنە لە مزگەوتدا؟

فەرمووی : بەڵكو پێم خۆشە.

مصنف ابن ابي شيبة(٤٩٥٣)

• ابن سیرین دەڵێت: تمیم الداري هەموو قورئانی دەخوێند لە یەک ڕكاتی نوێژدا.

مصنف ابن ابي شيبة(٣٧١١)

• حوزەیفەی مەرعەشی تەماشای گەنجێكی كرد زۆر بەكوڵ دەگریا لێی نزیک بویەوە و پێی وت : بۆ دەگری ئەی گەنج؟

ئەویش بەدەم گریانێک كە چاوەكانی سوریان دەنواند ، وتی : تاوانەكانی ڕابردووم بیر دێت كە كردوومن.

حوزەیفەیش وتی : بەڵێ ڕۆڵە بە گوێرەی تاوان گریان پێویستە.

پاشان خستیە تەنیشتی خۆی و پێكەوە دەگریان.

الرقة و البكاء لإبن ابي الدنيا(٤٨٤١)

• عومەری كوڕی ذر دەڵێت : وتم بە أسیدی ضبی كە چاوەكانی لەدەسدابوو بەهۆی زۆر گریان لە ترسی الله : ئەی أسید گریان بینایی لە دەس داویت.









أسید وتی : کەوایە چیبکەم؟

عومر پێی وت : کەمێک گریانت کەم کەوە.

أسید پێی وتی : بۆچی؟ ئایا دڵنیایی ئەوەم پێدراوە لە لای الله وە کە نەم خاتە جەهەنەم؟

پاشان دەستی کردەوە بە گریان تاوەکو لە هۆش خۆی چوو.

الرقة و البكاء لإبن ابي الدنيا(٤٨٥٥)

• یەزیدی روقاشی چل ساڵ گریا لە ترسی الله تاوەکو برژانگەکانی وەرین چاوەکانی لەدەس دا جێگای فرمێسکەکانی ڕەش هەڵگەرابون و جێگاکەی دیاربوو کە جۆگەیان بەستبوو

الرقة و البكاء لإبن ابي الدنيا(٤٨٦٤)

• قال تعالى : (وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ)

مجاهد دەڵێت واتە: سوێند بەو نەفسە ئیماندارەی لۆمەی خۆیەکات لەسەر تاوانەکانی.

تفسير الطبرى

• عائشة رضی الله عنها کاتێک وەفاتی نزیک بویەوە فەرمووی ، لەگەڵ خێزانەکانی رسول الله بم نێژن.

مصنف ابن ابي شيبة(١١٩٧٩)

• مالک دەڵێت: سونەت کەشتیەکەی نوحە هەرکەس سەری کەوێ نەجاتیەبێت هەرکەسیش دواکەوێت و نەیەتە ناوی غەرق دەبێت.

الجامع في العقائد | ل عادل ال حمدان ١٧٥/١

• لە حسنی بەصریەوە •: معاذ رضی الله عنه لەو نەخۆشیەی تێیدا وەفاتی کرد فەرمووی : هاوسەرم بۆ پەیدا کەن دەمەوێ هاوسەرگیری بکەم ، نامەوێ بگەمەوە بە الله بەبێ هاوسەر

مصنف ابن ابي شيبة(١٦١٥٧)









• مالک دەڵێت: گەر کەسێک بگاتەوە بە الله بە پڕاوپڕی زەوی لە تاوان ، پاشان پێی بگاتەوە لە سونەت ، ئەوا لەگەڵ پێغەمبەران و ڕاست گۆیان و شەهیدان و پیاوچاکاندایە ئەوانە باشترین هاودەمن.

الجامع في العقائد | ل عادل ال حمدان ١٧٥/١

• مالک دەڵێت: هەر کەس نکوڵی بینینی الله بکات لە قیامەت هیچی بۆ نیە تەنها شمشێر نەبێ

واتە دەبێ بکوژرێت.

الجامع في العقائد | ل عادل ال حمدان ١٨١/١

• اسحاق بن راهویە دەڵێت: بەدروستی هاتوە لە رسول الله ﷺ کە نوێژ نەکەر کافرە هەروەها ئەمە ڕای زانایانی رسول اللەیە تا ئەمڕۆش کە نوێژ نەکەر بەبێ هۆ نوێژی تەرک دابێت تا کاتەکەی دەچێت کافرە.

الجامع في العقائد | ل عادل ال حمدان ٢٩٢/١

• مالک دەڵێت: پێشینی ئەم ئوممەتە منداڵەکانیان فێری خۆشویستنی أبوبکر و عمر دەکرد رضی الله عنهما وەک چۆن فێری سورەتێکی قورئانیان دەکردن.

الجامع في العقائد | ل عادل ال حمدان ١/١٨١

• حنبل دەڵێت: هەر کەسێک پێی وابێت الله نابینرێت لە قیامەت کافرە.

المنتخب في العلل للخلال(٢١٢)

• مالک دەڵێت: هیچ کەس لە دایک نەبوە زیان و خراپەی بۆ ئیسلام زیاتر بووبێت لە ابوحنیفە.

تاريخ بغداد ٣٩٦/١٣ ، السنه لعبدالله ٢٩٦ ، البسوي في المعريفة ٧٨٩/٢

• ابن أبجر دەڵێت: واز لە خواردنی شەوان بێنن مەگەر بەڕۆژووبن و پارشێو کەن.

مصنف ابن ابي شيبة(٢٤٢٠٢)

• کعب الأحبار دەڵێت: ٣٣ جار زینا بکەم پێم خۆشترە لەوەی ١ درهەمی ڕیبا بخۆم.

مصنف ابن ابي شيبة(٢٢٤٣٠)









• أبوبكر بن عبدالرحمن دەڵێت: خالدی کوڕی ولید ، ڕاوێژی بە خوشکەکەی کرد لە بابەتێکدا خوشکەکەشی ڕێگای نیشاندا خالدیش سەری ماچ کرد رضي الله عنه

مصنف ابن ابي شيبة(١٧٩٤٩)

• پرسیارکرا لە ابن عمر: ئایا هاوەڵانی رسول الله پێدەکەنن؟
فەرمووی : بەڵێ ، وە ئیمانیش لە دڵیاندا گەورەتربوو لە شاخەکان.
جامع معمر(٢٠٤٤٦)

• خلال لە کتابی السنه ئەسەرێک دێنێت کە تێیدا هاتوە : پرسیار کرا لە ئیمامی أحمد دەربارەی پیاوێک نوێژ دەکات لە خاکی دوژمندا ئایا دەکوژرێت؟
ئیمامی أحمد فەرمووی : نەخێر ، چونکە پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردوە لەوەی کەسێک نوێژ بکات بیکوژین.
رقم ٩٤٠

• جمحی دەڵێت : پیاوێک بەلامان تێپەڕی خەڵکی دەیان شوبهاند بە ئافرەت نێرەموک،
هەندێک پێیان وت : ئەی نێرەموک و بەوجۆرە بانگیان کرد ،
جا بۆیە هاتینە لای ئیمامی عطاء ، پرسیارمان لێکرد ئەویش فەرمووی : هەرکەس وای وتوە با دەستنوێژ و نوێژەکەی و ڕۆژوەکەی بگێڕێتەوە.
مساوئ الأخلاق للخرائطي(٢٠٣)

• کاتێک أبو الدرداء کۆچی دوای کرد هاوەڵی بەڕێز معاويه داوای أم الدرداءی هاوسەریکر تا زەواجی لەگەڵ کات
ئەویش ڕازی نەبوو وە وتی : دەم هەوێت هاوسەری أبو الدرداء بم لە بەهەشت.
الاستعاب (٤/١٩٣٥) ، وتهذيب التهذيب(٤/٦٩٥) ، الإصابة(٤/٢٩٥)

• ابن عمر دەفەرمووێت : شەرم و ئیمان پێکەوەن کاتێک یەکیان نەما ئەوی دیش نامێنێ.
مصنف ابن ابي شيبة(٢٥٨٥٩)









• أبو عبيد في فضائل القرآن١/١١٩ دەڵێت : بۆی گێڕاینەوە يزيد لە جرير بن حازم ، لە يعلى بن حكيم ، لە عكرمه فەرمووی : کاتێک قورئان دەخوێنن و باوێشک دەدەن بێدەنگ بن مەڵێن هاها و قورئان بخوێنیتەوە.

• عبدالله لە العلل ٢١١٦ دەیگێڕێتەوە : عیکریمە دەڵێت: بەرزاییەک لە یەمەن هەڵکەنرابوو دوو گۆڕی تێدا بوو لەگۆڕەکاندا کتێبێکی تێدابوو گۆڕی حبی ورضوی دوو کچی تبع لەو کتێبەدا نوسرابوو هاوبەش شرک بۆ الله ئەنجام مەدەن.

• ابو نعیم لە الحلیة دەڵێت : بۆی گێڕاینەوە محمد بن احمد بن الحسن ، بۆی گێڕاینەوە بشر بن موسی بۆی گێڕاینەوە خلاد بن یحیی ، بۆی گێڕاینەوە سفیان ، لە ابن ابي نجيح لە مجاهد ، وتی : ڕوح دروستکراوە لەسەر شێوەی نەوەکانی ئادەم.

• پرسیارەکەن لە ئیمامی احمد هەندێک لە کوردەکان کە ئەهلی تەوحیدن دزیمان لێئەکەن؟

ئیمامیش پاداشتی دیوە وەفەرموویەتی گەر ویستیان ماڵ یان خۆتان ببەن و بکوژن ئێوەش بیانکوژن.

السنة الخلال ١٤٠

• جورجانی دەڵێت : وتم بە ئیمامی احمد ئەی ئیمام زۆر قورسە لەسەرم بڵێم فلان کەسە یان درۆزنە ، ئیمام فەرمووی تۆ بێدەنگبیت و من بێدەنگ بم ئەی کەسی جاهیل کەی ڕاستەکە لە هەڵەکە جیاکاتەوە؟

لاوازی و درۆزنی بۆ علیمی حەدیث و لێوە گێڕانەوەی مەبەستە.

جامع لخطیب البغدادی مجلد الثانی

• هشام بن عروة دەڵێت: زبیر موسڵمان بوو تەمەنی ١٦ ساڵ بوو لەهیچ جەنگێک دوانەکەوت لەگەڵ رسول الله ﷺ کاتێک شەهید کرا تەمەنی ٦٠ و چەند ساڵێک بوو. رضی الله عنه

مصنف ابن ابي شيبة(١٩٨٣٣)

• أحمدی کوڕی نەصرەمی موزەنی دەڵێت: دەربارەی تەفسیری ئیمامی موجاهید بۆ ئایەتی (عَسَىٰٓ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا) کە فەرمووی : الله رسول الله دادەنیشێنێت لەسەر عەرش لە قیامەتدا هەرکەس بڕوای بەمە نەبێت و ڕەدی کاتەوە





ئەو کەسە کافرە لای ئێمە و لەوانەیە کە دەڵێن دوو خوا هەیە نعوذبالله خودای ڕووناکی و تاریکی.

کتاب السنة للخلال

## عەقل لە دڵدایە

الله دەفەرموویت : (أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي ٱلْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَآ )

ئایا بەزەویدا ناگەڕێن دڵیان نیە پێی بیربکەنەوە و تێبفکرن.

سمعانی لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت : ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەوەی ئەقڵ لە دڵدایە.

• الله دەفەرموویت : (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ)

ئایا تێنافکرێن لە قورئان یان دڵەکانیان قوفڵدراوە ، کەوایە بە دڵتێفکرین دەکرێ و بیردەکرێتەوە.

بخاری لە أدب المفرد ٥٤٧ و فسوی لە تاریخ ٤٠٩/١ و بهیقی لە شعبدا ٤٣٤٠

• لە ئیمامی علی وە کە فەرموویەتی : ئەقڵ لە دڵدایە.

ئیمامی أحمد لە فضائل الصحابە ١٩٠٣ و بهیقی لە مدخل ٤٠٣ هێناویانە

• کە بە ابن عباس وترا چۆن ئەم عیلمەت بەدەست هێنا؟

فەرمووی : بە زوبانێکی پرسیارکەر و دڵێکی ئاقڵ.

• یحیی بن سلام لە تەفسیرەکەیدا ٣٨٢/١ وە ابن ابي حاتم ١٣٩٨٣ لە قتادەوە دەیهێنن کە دەڵێت:

تێفکرینی بەسوود لە دڵدایە.

• بخاری لە أدب المفرد : بابێکی داناوە بە ناوی بابی ئەوەی ئەقڵ لە دڵدایە.

• دینوری لە تأویل المشکل قران دەڵێت : جێگای ئەقڵ دڵە.

• طبری لە دەڵێتدەڵێت ٢٢/٣٧٣: ئەقڵ جێگاکەی دڵە.

• سمعانی لە قواطع الأدلە ٢٨/١ دەڵێت : ئەقڵ لە دڵدیە.

• أبو یعلی لە عدة ٨٩/١ دەڵێت : ئەقڵ لە دڵدایە.









• ابن رشد له مقدمات دەڵێت ٣٣٤/٣ : ئیمام مالک وای بۆ دەچێت ئەقڵ له دڵدابێت.

• خطیب البغدادی له الفقه والمتفقه ٣٧/٢ دەڵێت : ئەقڵ جێگاکەی دڵە ، خطیب شافعی مەزهەبە.

• خلال دەڵێت : منصوری کوڕی وەلید پێی وتین کە عەلی کوڕی سەعید پێی وتوە کە : گوێی له ئیمامی أحمد بوە پرسیاری لێکراوە دەربارەی پیاوێک کە بەسەربڕاوی بینراوە له خاکی دوژمندا.

ئایا نوێژی لەسەر دەکرێت؟ نازانرێت له موسڵمانانە یان له دوژمنانە؟

ئیمام فەرمووی : ئەگەر خەتەنە کرابوو یان پۆشاکەکەی پۆشاکی موسڵمان بوو نوێژی لەسەر بکەن.

أحكام أهل الملل للخلال(٦١٥)

• ابن أبي شيبة له الأدب ٢٥٣ : دەڵێت حدثنا سفيان بن عيينه ، عن ابن أبي نجيح ، له مجاهدەوە ، وتی : خۆشەویسترین ناو لای الله عز وجل :

ناوی [عبدالله و عبدالرحمن] ە.

## یەکەم شەهید له ئیسلام

• ابن أبي شيبة له المصنف ٣٦٩٢٠ : دەڵێت حدثنا وكيع ، حدثنا سفيان ، عن منصور ، له مجاهدەوە

وتی : یەکەم شەهید له ئیسلام دایکی عەمار بوو ، ئەبو جەهل له پێشەوە بە حەربە لێی دا.

• أحمد له الزهد [٢٦١]: دەڵێت حدثنا يحيى ، حدثنا سفيان ، عن معاويه بن إسحاق ، له سعيد بن جبير فەرمووی :

ئادەم تەنها هێندەی نێوانی نیوەڕۆ و عەسر له بەهەشت بوو.

• زبيد بن الحارث اليامی رحمه الله [له اتباع التابعينه] دەفەرمووێت : وشەیەکم بیست ، الله عز وجل ٣٠ساڵ سودی پێگەیاندم بەو وشەیە.

[حلية الأولياء - ترجمته]








• ابن أبي حاتم لە تەفسیرەکەیدا بە ژمارە [١٥١١٥]دەڵێت:

سعید بن جبیر دەڵێت: ٣٠٠ هەزار کورسی دادەنرا بۆ سولەیمان ئیمانداره مرۆڤەکان دادەنیشتن پاشان ئیمانداره جنۆکەکان لەدوای ئەوان دادەنیشتن ، پاشان فەرمانی دەکرد بە باڵندە(طیر) سێبەری بۆ بکات وە فەرمانی دەکرد بە با هەڵی بگرێت.

لە ڕیوایەتی ئەعمەش هاتوە لە أبي سنان کە ٦٠٠ هەزار کورسیە.

• ئیمامی أبو حازم سەلەمەی کوڕی دینار کە تابعیە و شێخی مەدینەیە و گەورە زانای ئەم ئومەتەیە دەفەرموویت: ئەگەر تۆ لە زەمانێکدابووی خەڵکی بە قسە ڕازیبوون بەبێ کردار وە بە عیلم ڕازی بوون بەبێ عەمەل ئەوا بزانە تۆ لە خراپترین ڕۆژەکانی دونیا و لەناو خراپترین خەڵکیدایت.

المدخل ألی السنن ٥٢٥

## کوفری نوێژ نەکەر

• عمر بن الخطاب دەفەرموویت : هیچ بەشێکی لە ئیسلام نیە ئەوکەسەی نوێژ بەزایە دەدات.

کتاب السنة | لأبي بكر الخلال ٦٥٢/١

• أبو الدرداء دەفەمووێت : ئیمانی نیە ئەو کەسەی نوێژی نەبێ وە نوێژی نیە ئەو کەسەی دەستنوێژی نەبێ.

کتاب السنة | لأبي بكر الخلال ٦٥٣/١

• ابن مسعود دەفەرمووێت : وازهێنان لە نوێژ کوفره ، وە فەرمووی ئەوەی نوێژ نەکا دینی نیە.

کتاب السنة | لأبي بكر الخلال ٦٥٤/١

• حذیفة چوە مزگەوت پیاوێکی بینی نوێژەکات بەڵام سوجدە و ڕکوعی تەواو نەبوو کاتێ تەواو بوو پێی فەرموو: چەنێکە ئاوا نوێژ ئەکەی؟ وتی : ٤٠ ساڵە.

حذیفة پێی فەرموو : تۆ ٤٠ ساڵە نوێژت نەکردوە گەر مردبایتایە ، ئەوا لەسەر غەیری فیترەت دەمردی کە الله محمدی لەسەر دروست کردوە صلی الله علیه وسلم.

کتاب السنة | لأبي بكر الخلال ٦٥٤/١








• على فەرمووی : هەركەس نوێژ نەكات كافرە.

كتاب السنة | لأبي بكر الخلال ٦٥٦/١

• بيلال پياوێكی بينی نوێژەكەی خراپ دەكرد پێی وت : ئەی خاوەن نوێژ كەر لەسەر ئەمە مردبای لەسەر ئومەتی عيسی زيندوو نەدەكرايتەوە على السلام.

كتاب السنة | لأبي بكر الخلال ٦٥٦/١

• عبدالله بن عمرو بن العاص دەفەرموويێت : هەركەس نوێژ وازلێبێنێ دينی نيە.

كتاب السنة | لأبي بكر الخلال ٦٥٧/١

• سعيد بن عمارة رضي الله عنه دەفەموويێت : ئيمان نيە بۆ كەسێ نوێژی نەبێ.

كتاب السنة | لأبي بكر الخلال ٦٥٨/١

• سليمان بن عبدالملک وتی بە سلمة بن دينار : ئەی باوكی حازم بۆچی ئێمە ڕقمان لە مردنە؟ فەرمووی : چونكە ئاخيرەتان وێران كردوە و دونياتان بنياد ناوە ، ڕقتان لێيە بگوازنەوە لەو جێيەی بونيادتان ناوە بۆ ئەو جێيەيی وێرانتان كردوە.

سنن الدارمي(٦٦٥)

• ابن حامد دەڵێت: پێشەوای ئێمە أحمدی كوڕی حنبل ڕونی كردۆتەوە سەبارەت بە قورئان كە گومان هەڵناگرێت.

ئەوانەی دەڵێن ئەم قورئانەی بەردەستمان ئەوەنيە الله دايبەزاندوە بەڵكو گێڕانەوەی ئەسڵەكەيە ، يان دەڵێن ئەوانەی لەزارمان دەردەچێت و دەيڵێين مەخلوقە ، واتە قورئان كەلامی الله و مەخلوق نيە بەڵام دەيخوێنين بەزوبانمان يان وتەی ئێمە بەخوێندنی قورئان مەخلوقە يان لە كتێبەكەمانداية حيكايەتی كەلامی اللهيە ئەمە خۆی ئەسڵەكە نيە ، ئيمام فەرمووی : گومانی تێدانيە ئەوانە موناڤيقێكی لەدين دەرچون.

طبقات الحنابلة١٧٦/٢

• عبداللەی كوڕی عەمر دەفەرموويێت : الله مەلائيكەی دروست كردوە لە نوری باسک و سنگی.

سيفەتی سينگ و باسک بريتين لە سيفەتی ذاتی الله و سەلەف ئەم سيفاتانەيان جێگير كردوە و نەيان گۆڕيوە وەک خۆی جێگيريان كردوە مەگەر جەهميە مولحيد و شوێنكەوتوانيان.





ئەم خەبەرەش ئیمامی عبدالله لە کتابی السنه هێناویەتی بەژمارە ١٠٦٧ و ١١٧٣.
وە ابن منده لە الرد علی الجهمیه بەژمارە ٧٨.
وە أبو الشیخ لە عظمه بەژمارە ٣١٥ هێناویەتی.
وە ئەسەرێکی صحیحه

• ئەم سیفەتانەش لای ئەمانە هاتوە:
طیالسی ١٣٠٣ ، وە حمیدی ٨٨٣، وە أحمد ٤٧٣/٣ ، جزء من کتاب السنة لغلام الخلال ٢٢.
باسک = لە ئەنیشکەوە تاکو کۆتای دەست

• الله جل جلاله دەفەرمووێت : لەکاتی جەنگ لەگەڵ بێباوەڕان و لەکاتی نوێژدا لە جیهاد هۆشیاربن و ئامادەباشی خۆتان بکەن گەر لەبەر باران و نەخۆشی چەکەکانتان دانا.
الضحاک دەڵێت: لەو واتای هۆشیاری و بە ئاگابونە واتە : شمشێرەکانتان هەڵواسن چونکە ترس دەخاتە دڵی دوژمن قورساییەک بە ئێوە و غەزاکە دەبەخشێت.
تفسیر الإمام ضحاک, سورة النساء ١٠٢

• ابن مبارک پرسیاری لێکرا دەربارەی ئەو فیرقانەی لەم ئومەتە پەیدا دەبن ، ئیمام ابن موبارەک ئەو فیرقانەی باسکرد کە پەیدا دەبن لەم ئومەتە یەک لەوانە مورجیئەن بۆیە فەرمووی : مورجیئە دابەشەبن بۆ ١٣ کۆمەڵ.
پرسیارکەر لێی پرسی : ئەی ئیمام بۆچی باسی جەهمیەکانت نەکرد؟
وتی : تۆ پرسیاری فیرقه موسڵمانەکانت لێکردووم.

ئەم ڕیوایەتە لەم کتێبانەی سەلەف هاتوە
الشریعة للآجري ٢٠ - إبانة الکبری لإبن بطة العکبري ٢٩٣-
عقیدة أبو عبدالله الزبیري
ئیمامی بربهاری لە سونەدا بەژمارە ١٠١ ئیجماع دێنێت لەو بارەوە.

• هەرکەس ئیمامی علی پێش خات بەسەر ئیمامی أبوبەکر و عومەردا ئەوا درۆی کردوە بەدەم ١٢ هەزار صحابەوە ، وەترسم هەیە کار و کردەوەی سودی نەبێ گەر ئەمە باوەڕی بێت.
کتاب السنة للخلال ٥٠١





• وتم بەئیمامی أحمد : پیاوێک ئەنگوستیلەیەکی لە دەستە وە ناوی (الله)ی تێدا نوسراوە ، پێوەی دەچێتە تەوالێت یان حەمام؟

فەرمووی : گەر ویستی بابیخاتە ناودەستی لەوکاتە.

ئیسحاق فەرمووی : ئەگەر نەشی کاتە دەستی و هەر لەپەنجەی بێت کێشەی نیە.

مسائل الكوسج ص(٣٦٩)

• الأوزاعي: فەرمووی وەک ئەوەی وتیان : زەمانێک دێت بەسەر خەڵکیدا کەمترین شت کە لەو زەمانە هەبێت برایەکی ڕۆحی و خۆشەویستە یان پارەی حەڵاڵە یان کارکردنە بە سونەت.

[صفة الصفوة ٢/٤٠٥]

• کاتێک وەلیدیان هێنا تا جەڵدی کە ئیمامی علی جەڵدی کرد و پاشان فەرمووی : رسول الله ٤٠ جەڵدی کردوە ، أبوبکر ٤٠ جەڵدی کردوە ، عومەر ٨٠جەڵدی کردوە ، وە هەمووشی سونەتە.

ئیمامی عومەر ٨٠ی کرد ئیمامی علی فەرمووی سونەتە.

رواه مسلم

• أحمد دەڵێت: هەرکەس جنێوبدات بە ئەبوبەکر ئەمین نین لەوەی دەرنەچێ لە دین.

واتە لە دین دەردەچێت.

كتاب السنة للخلال

• پرسیارکرا لە ئیمامی أحمد دەربارەی کەسێک دراوسێیەکی رافیضەی هەیە سەلامی لێدەکات ئایا وەڵامی بداتەوە؟ فەرمووی نەخێر.

كتاب السنة للخلال

• إبراهیمی نخعي دەفەرمووێت : کێشەنیە کاتێ شتێ دەکڕی تامی بکەی پێش ئەوەی بیکڕی.

مصنف ابن أبي شيبة(٢٢٥٤٨)









• عبداللەی کوڕی بورەیدە لەباوکیەوە دەڵێت : سەلەف فەرمانیان دەکرد بە منداڵەکانیان فێری قورئان بن - پاشان سونەت - پاشان فرائض - پاشان عەرەبی بە رەفع و نصب و جرەوە.

مصدر : الإلماع لعياض

• أبو المظفر السمعاني دەڵێت : ئەگەر ڕاستگۆیتان دەوێت ئەوا لەکتێبی سەلەف دایە ئەگەر ڕاستگۆکانتان دەوێت ئەوا لەماڵەکانی سەلەفدایە.

دەس بگرن بە سەلەفەوە ....... دەس بگرن بە سەلەفەوە.

[معجم السفر للسلفي ١٢٣٣]

• ئیمامی عومەر دەیفەرموو : ئەوەی زۆر لێی دەترسم لەسەر ئێوە گۆڕینی زەمانەیە ، وە لادانی زانایە لە حەق ، وە گفتوگۆی مونافیقە بە قورئان. وە پێشەوا گومڕاکان کە خەڵکی گومڕا دەکەن بەبێ علم.

جزء أبي الجهم العلاء بن موسى الباهلي پەڕەی ٥٥.

• ابن جريج دەڵێت : پێم گەیشتوە کە ابن مسعود ( لەزستاندا بەخێزانەکەی خۆی گەرم کردەوە لە هاوینیشدا خۆی پێ ساردەکردەوە.)

مصنف عبدالرزاق(١٠٧٠)

• [الله تعالى دەفەرموویت : فلا تقل لهما أف]

وشەی ئۆف دەرمەبڕە بەرامبەر دایک و باوکت .

• عروة بن الزبير لەتەفسیرەکەی دەڵێت: ڕێگریان لێمەکەن لەوەی دەیانەوێت یان خۆشیانەوێت.

مصنف ابن أبي شيبة (٢٥٩٢١)

• ابن عباس دەفەرموویت : هەموو شت بە قەدەرە تەنانەت دانەنی دەستت لەسەر ڕومەتیشت.

السنة للخلال الأثر٩٠٠

• أيوب السختياني دەستی دانا لەسەر سەری و فەرمووی : (( سوپاس بۆ الله کە پاراستومی لە شرک ))

مسند ابن الجعد(١٢٢٣)









• له الفضيل بن عياض دەڵێت: خواردن لای یەهودی و نەصرانیم پێ خۆشترە لەوەی لەگەڵ خاوەن بیدعەیە بخۆم .

(ذم الكلام وأهله للهروي ١٠٤٨)

• حرب دەڵێت: پرسیارکرا لە ئیمامی اسحاق لە ئیمامی دەربارەی کەسێ بڵێ من ئیماندارى ڕاستەقینەم؟

فەرمووی : کافری ڕاستەقینەیە.

• ئیمامی أحمد دەڵێت: پێم خراپە بڵێ ئیماندارى ڕاستەقینەم بەڵام ئەو کەسەشی وابڵێ کافری ناکەین.

کتاب السنه للخلال ٩٥٨-٩٥٩

أبو عبدالرحمن الحبلي دەڵێت : هیچ دیاریەک باشتر نیە لە قسەیەکی چاک کە ببێتە هۆی هیدایەت و ڕێنمونی براکەت.

سنن الدارمي(٣٦٣)

• عبدالله دەڵێت: هیچ کەس بە زانایی لەدایک نابێت بەڵکو زانست بە فێربوونە.

کتاب الزهد لوكيع(٥١٨)

دەستهێنان بە (ڕوخساردا) لە دوای دوعاکردن

• عبدالرزاق لە مصنف هێناویەتی **٣٢٥٦** : مەعمەرم بینی دوعایەکرد و دەستەکانی تا سنگی بەرزکردبوەوە ، کە تەواوبوو دەستی گێڕایەوە و ڕوخساری پێ مەسح کرد.

• هەر لە مصنفدا هاتوە **٣٢٣٥** : مەعمەر دەستی دەهێنا بە ڕوخساری لەدوای دوعاکردن منیش وامەکرد.

• المروزی لە قیام اللیل پەڕەی **٣٢٧** : مەعمەر دەڵێت باوکی کەعبم بینی دوعایەکرد و دەستەکانی بەرز دەکردەوە کە تەواوبوو لە دوعاکانی بەهەردوو دەستی ڕوخساری مەسح کرد ، منیش پێم وت کێت دیوە وابکات؟ فەرمووی : حەسەنی بصری.









• لە محمد بن سیرینەوە : (هیچ کات پێنەکەنیوە ئیلا لەدوایدا گریاوە).
الإعتبار واعقاب السرور لإبن أبی الدنيا ٥

• عبدالله رضي الله عنه دەفەرموویێت : ئیمامی عومەر پێی وتم چەنێک قورئانت لەبەرە ؟ وتم : دە سورەت وتی گەر دەتوانن لەوانەبن فێری قورئان ئەبن و شتی لێوە فێرئەبن ئەوا وابکەن و ئەو چاکە گەورە بەدەس بهێنن چونکە ئەوە سەلامەتترینە.
مصنف ابن أبی شيبة ١٠١٤٥.

• ابن سعد لە الطبقات (٧/١٤٣) : تا دەگاتە مطرف دەڵێت : ئەقڵی خەڵکی بەپێی ئەو زەمانەیە تێیدا دەژین.

• أبو خيثمة لە العلم [١٤٧] دەڵێت : حدثنا وكيع ، عن أبي كيران ، وتی : گوێم لە الشعبي بوو دەیفەرموو : گەر گوێت لە شتێک بوو بینوسە ئەگەر لە حمام یان تەوالێتیش بویت.

• پرسیارکرا لە ئازیز و پێشەوا و نازدار و زانای ئێمە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئایا ئێمە ئیمانداڕین؟
فەرمووی دەڵێین : ئێمە مسوڵمانین.
السنه للخلال ١٠٥٦

• بۆی گێڕاینەوە موبارەکی کوڕی فضاله لە حەسەنەوە وتی :
رسول الله صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی : وریابن با ئەوکەسەی خەڵکی زۆر لەدەورە پێی مەغرور نەبێت.
کتاب العلم والحلم آدم ابن أبی ایاس العسقلانی

• یەکەم کەس لەپێناو الله تیری هاوێشت سەعدی کوڕی أبی وقاص بوو.
کتاب الأوائل لإبن أبی عاصم پەڕەی ٢٦

• ابن أبی ملیکه دەڵێت: گەشتوم بە ٣٠ صەحابە هەموویان دەترسان لە نیفاق.
کتاب السنة للخلال ١٠٦٤

• ابن عمر دەفەرموویێت : الله جل شأنه بەدەستی خۆی چوارشتی دروست کردوە ئادەم - عەرش - قەڵەم – بەهەشت پاشان بەهەموو دروستکراوەکانی فەرموە ببن ، ئەوانیش بون.









كتاب العظمة لأبي الشيخ ٢١٥ - ص٨٤

• باوکی إسماعيل الهروري له کتاب ذم الکلام (١٢٧٣) دەڵێ : گوێم له أحمد بن الحسن أبا الأشعث بوو دەی وت : پیاوێک وتی به بشری کوڕی أحمد باوکی سهل الإسفراييني : من فێری زانستیکەلام دەبم بۆ ئەوەی دینەکەم فێربم بشر زۆر توڕە بوو وتی : ئایا زانایانی سەلەفی ئێمە کافربون؟ که فێری کەلام نەبون؟ وە دینیان نەناسیەوە مادام نەیان خوێندوە؟ .

• ئەجلەح دەڵێت : وتم به عامری شەعبی خەڵکی پێیان وایه حەجاج ئیمانداره؟
وتی : شاهیدی دەدەم ئیمانی هێناوه به طاغوت و کافره به الله.
مصنف ابن أبی شیبه ٣١٢٣٩

• وهب بن منبه دەڵێت: سێ شت لەهەر کەسێکدا هەبێت ئەوا چاکەی پێکاوە و لەسەریەتی -
١- ئارام گری لەسەر ئازار.
٢- قسەی باش و جوان.
٣- نەفسێک حەزی بەشتی باش هەبێ و وازی له خراپه هێنابێت.
مدارة الناس لابن أبي الدنيا.

• مجاهد دەڵێت: کەسێکه که بەنهێنی تاوانەکا و بەنهێنیش تەوبە دەکات.
"الزهد"للإمام احمد (٣/٢٣٢)

• مالکی کوڕی میغوەل دەڵێت: هەرکەس ناوی لەخۆی نا بەجگه له ئیسلام و سونەت ، بیدە پاڵ هەردینێک دەتەوێت.
الإبانة الصغرى ١١٤

• شێره به هەیبەتەکەی ئیسلام ئیمامی عومەر دەیفەرموو :
لەگەڵ تۆبەکاران دانیشن ، ئەوان نەرمترین دڵیان هەیە.
روضة العقلاء ونزهة الفضلاء پەڕەی٣٣

• (إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا) ئەوانەی وتیان پەروەردگاری ئێمه اللهیه و پاشان لەسەری بەردەوام بوون.
سورة فصلت ٣٠.





• ئیمامی أبوبەکر فەرمووی : ئەوانەن هاوبەشیان بۆ الله بڕیار نەداوە.

کتاب الزهد للإمام أبي داود السجستاني ٣٩

• بیلالی کوڕی سعد دەڵێت: سێ شت لەگەڵیانا کار و کردەوەی باش سودی نیە (شیرک - کوفر – ڕەئی)

وتیان ڕەئی چی؟ فەرمووی : واز لە قورئان و سونەت بێنیت و بەبۆچونی خۆت عیبادەت کەی.

حلية الأولياء ٢٢٩/٥

• إسحاق ابن راهويه دەڵێت: وە لەعەقیدەی أهل السنة والجماعة بريتيه لە : ئیمان بەوەی الله پێغەمبەر محمد صل الله عليه وسلم دادەنیشێنێت لەسەر عەرش. تەسلیم بون بۆ ئەوە و ئیمان بون پێیوە هیچ کەس ڕەدی ناداتەوە جگە لە جەهمیەکان.

الجامع في العقائد | لـ آل حمدان ٣٠٢/١

• ئیمام إبراهيم الحربي دەڵێت: پیاوانێکی زۆرم بینی لە دونیادا ، بەوێنەی سێ کەس نەمدیوە.

أحمدی کوڕی حنبل م بینی ، دایکان هەرگیز منالّی وا لە سکیان هەڵناگرن.

وە بشر ابن الحارث م بینی ، لەسەری تاوەکو قاچی پڕیبوو لە ئەقڵ و ژیریی.

وە أبا عبيد القاسم ابن سلام م بینی ، وەک شاخێک وابوو زانست فوی پێدا کردبێت.

تهذيب الكمال للحافظ المزي

• دارمی دەڵێت: ئایا نەتزانیوە ئەی مەریسی گەر کەسێ بمرێت بەڵام پێش مردنی لە ژیاندا نەیزانیبێ الله پەروەردگاریەتی تاوەکو بیزانێت لە دوای مردنی ، ئەوا بەکافری مردوە و جێگای ئاگرە بە هەمیشەیی؟

الرد على المريسي.

• ثابت البناني وتی بە أنسی کوڕی مالک ئایا بەو دەستانەت دەست داوە لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم؟

وتی : بەڵێ ، ئەوجا دەستەکانی گرت و ماچی کردن.

الأدب المفرد للبخاري (٩٧٤)







• أنس بن مالك وتی : من ئارەقم ئەدا بەهاوەڵانی رسول الله صلى الله عليه وسلم؟

ئەوان لای أبي طلحة بوون. پیاوێک لەوێوە ڕۆشت وتی : ئارەق حەرام بوە ، نەیان وت : کەی؟ یان با خۆمان دڵنیابین وتیان : ئەی ئەنەس بیرڕێژە.

الأدب المفرد للبخاري (١٢٤١)

• زيد بن الحباب دەڵێ : سفيان (الثوري )م بینی کاتێ پرسیاری لێدەکرا.

ئەیوت : نازانم ، هەتا ئەوانەی سوفیانیان دەبینی وایان دەزانی هیچ نازانێ و علمی پێنیە.

[الجعديات-١٨٥١]

• هاوەڵانی بەرێز عبدالله دەڵێت: بەشێک لە ئیمان ئەوەیە پیاوێک پیاوێکی خۆشەوێ بەڵام هیچ نزیکایەتیەکی خوێنی نیە لە نێوانیان ، وە لەبەر پارەش نیە کەپێی دابێت تەنها لەبەر الله خۆشیەوێت.

كتاب السنة للخلال ١١٨٦

• عبداللەی کوڕی مسعود دەڵێت: ئەگەر پیاوێک بەبرایەکی موسڵمانی بڵێت : تۆ بۆ من دوژمنیت ، ئەوا یەکیان کافربوە بە ئیسلام.

مساوى الأخلاق للخرائطي(١٦)

• عبداللەی کوڕی مسعود دەڵێت: باکەس لە ئێوە وانەبێت لەگەڵ هەموو بایەک بڕوات وەک لە کوردا باوە دەڵێن: کابرا بەهەموو بایەک شەنەکات ، واتە عەقیدە و مەبدەئێکی جێگیری نیە لەگەڵ هەموو کەس هەڵەکات ، وەک موونافیق وایە.

مساوى الأخلاق للخرائطي(٢٨٧)

• عمری کوڕی عبدالعزیز فەرمووی بە میمونی کوڕی مهران : من ئامۆژگاریت دەکەم کاریان پێبکە :

بەتەنها لەگەڵ ئافرەتێک مەمێنە کە بەربەستێک نیە لە نێوانتان ئەگەر قورئانیشی بۆ بخوێنی.

لەگەڵ کەسێک مەبە بە دۆست و هاورێ سیلەی ڕەحم دەپچرێنێت ، الله لە دوو ئایەت نەفرەتی لێکردوون.

مساوى الأخلاق للخرائطي(٢٥٨)



• يزيدى كوڕى أبي حبيب دەڵێت : پێم گەشتوە پیاوێک بە دایک و باوکی بڵێت : من چاکەم لەگەڵ کردوون ئەوە یەکێکە لە تاوانەکانی.

مساوی الأخلاق للخرائطي (٢٤٦)

• ضمرة كوڕى ربيعة دەڵێت : وتراوە : شەیتان دڵخۆشە بێت بە جیابونەوەی دوو خۆشەویست وەک ئەو دڵخۆشیەیی کاتێک ئادەم لەبەهەشت دەرکرا.

مساوی الأخلاق للخرائطي (٢٢٧)

• سالم وتی عبداللەی کوڕی عمر : هیچ کات لەعنەتی لە خزمەتکارەکەی نەکردوە تەنها یەکجار نەبێت ، یەکسەر ئازادی کرد.

مساوی الأخلاق للخرائطي (٦٨)

• ثابتی کوڕی الضحاک دەڵێت : هەرکەس تۆمەتی کوفر بداتە پاڵ ئیماندارێک ئەوا وەک کوشتنی وایە.

مساوی الأخلاق للخرائطي (٢٠)

• أبو هريرة دەیفەرموو : بۆ هەموو شت زەکات هەیە وە زەکاتی جەستەش بە ڕۆژوبونە.

كتاب الزهد لوكيع (٥٤٧)

• الحافظ أبو عبيد القاسم بن سلام دەڵێت: شوێن کەوتەی سونەت ئەمڕۆ لای من زۆر باشترە لەوانەی بە شمشێر دەجەنگێن لەپێناو الله.

[تاريخ بغداد ١٤-٣٩]

• پرسیار کرا لە زوهری : ئایا پێت گەیشتوە کە رسول الله فەرمانی کردوە کەسێک خەڵی بانگ بکات و پێیان بڵێت هەرکەس بڵێت لا اله الا الله بەهەشتی بۆ هەیە؟

وتی : بەڵێ ، بەڵام ئەوە پێش ئەوەبوو واجباتەکان واجب بکرێت ، پاشان کار و کردەوە واجب کرا ، پێویستە خەڵکی کاربکات بەوەی لەسەری واجب کراوە.

كتاب السنة للخلال ١٢١٨

• محمد بن کعب القرظي دەڵێت : ئەگەر الله خێری بوێت بۆ بەندەیەک ، بێ پێویستی دەکات لە دونیا وە شارەزای دەکات لە دیندا ، کەم و کورتیەکانی خۆی پێ نیشاندەدات ، هەر کەس ئەمانەی پێبدرێت ئەوا خێری دونیا و ئاخیرەتی پێدراوە.





کتاب الزهد لوکیع (٢)

• جەریر دەڵێت: بەیعەتم دا بە رسول الله علیه الصلاة وسلام لەسەر (نوێژ کردن، زەکات دان ، ئامۆژگاری موسڵمانان ، وە جیابونەوەی موشریکین).

کتاب السنة للخلال ١٢٩٧

• سفیان الثوري دەڵێت:"گەر شتێکت کڕی و ویستت نەبوو بەشی دراوسێکەتی لێبدەیت ، ئەوا بیشارەوە با نەیبینێت".

حلیة الأولیاء : ٧/٦٦

• أبو واقد اللیثي دەڵێت : شوێن کار و کردەوە کەوتین لە دونیادا هەوڵماندا کاری باشبکەین ، شتێکمان نەدۆزیەوە لە کاری قیامەتی باشتربێت لە دونیا نەویستنی و هیوانەبوون پێی.

کتاب الزهد لوکیع(٣)

• هاوەڵی بەڕێز عبداللەی کوڕی عەمر دەفەرمووێت : زەمانێک دێت بەسەر خەڵکیدا هیچ ئیماندارێک نامێنێت ئیلا دەچێتە شام ، وە زەمانێکیش دێت خەڵکی لە مزگەوت کۆدەبنەوە یەک ئیماندارییان تێدا نیە.

کتاب السنة للخلال ١٢٨٩.

• ئیبراهیم دەڵێت: مورجیئە دینیان وازلێهێنا تەنکتر لەو پۆشاکە تەکەش.

کتاب السنة للخلال ١٣٤١.

• کاتێک علی کوڕی أبي طالب رضي الله عنه فاطمەی کچی رسول الله و هاوسەری خۆی خستە گۆڕەوە بە گریانەوە فەرمووی :

بەڕاستی لە دەستدانی یەک لە وای یەک بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێکەوەبونی ئازیزان بۆ هەمیشە نیە.

کتاب التعازي للمدائني(٨٧)

• ئەبو هورەیرە دەفەرمووێت : پێم خۆشنە سوێند بخۆم و بڵێم : ئێوارەم بەسەردێت و کافر نەبم ، یان بەیانیم بەسەر دێت و کافر نابم.

واتە مرۆڤ نابێ دڵنیایی تەواوی لەنەفسی خۆی هەبێت

چونکە بەدەس اللەیە نەک خۆت.

السنة للخلال ١٤٩٢.









• منداڵەکەی ابن عمر وەفاتی کرد ابن عمر لەسەر گۆڕەکەی پێدەکەنی وتیان پێی : ئایا لەتەنیشت گۆڕ پێدەکەنی؟

فەرمووی : دەمەوێت شەیتان زەلیل بکەم.

كتاب التعازي للمدائني(٩٦)

• أبو عبيدة الخواص دەیوت : ئاااهـ چەند تامەزرۆی بینینم بۆ ئەو زاتەی من دەبینێ و من نایبینم!.

المحبة الله لـ الختلي(٢٥٨)

• الربيع بن خثيم دەیوت : من لە نەفسی خۆم ڕازینیم ، ئیتر چۆن زەمی خەڵکەکەم.

مساوى الأخلاق للرائطي(٢٩)

• الأعمش دەڵێت: "هەرچەندە زانستمان زیادی دەکرد جەلهمان زیادی دەکرد".

العلل للإمام أحمد رواية ابنه عبدالله

• ابن سرح دەڵێت : وای لێهاتوە لەم زەمانە وشەی نازانم بووە بە عەیبە.

"الكامل لابن عدي"(١/٩٣)

• پیاوێک وتی بە حوزەیفە : چیکەم کاتێک نوێژخوێنان هەندێکیان هەندێکیان دەکوژن؟

فەرمووی : بچۆ ماڵەکەی خۆت.

پیاوەکە وتی : چیبکەم گەر هاتنە ناوماڵەکەم بۆ کوشتنم؟ فەرمووی : تۆ بڵێ : من ناتکوژم ، من لە الله دەترسم.

مصنف ابن أبي شيبة ٣٩٩١٩.

• فیریابي دەڵێت : وتم بە سولەیمانی خواص : فلانە پیاو گێچەڵ بە ئافرەتان دەکات و خەریکی خراپەیە ، فەرمووی : درۆدەکەن ، وتم : حاڵی ڕونە و مەشهورە کەخەریکی ئەو کارەیە خەڵکی زۆر ئەزانن

فەرمووی : درۆدەکەن خەڵکی الله عز وجل بە درۆی خستونەتەوە.

(لَّوْلَا جَآءُو عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا بِٱلشُّهَدَآءِ فَأُولَـٰٓئِكَ عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْكَـٰذِبُونَ)

ئەگەر هاتن بە چوار شاهێدی عالەوە ئەوکات وەردەگیرێت ، ئەگەر نا ئەوانە لای الله لە درۆزنەکانن.

ئیمام فیریابي فەرمووی : زانیم ئەو پیاوە زانایە ، ژیرە بە وەی دەیڵێت.









أخبار الشيوخ للمروذي (٢٥٨).

• "هيچ کات بەربەهاری لە هیچ مەجلیسێک دانەنیشتوە ئیلا باسی ئەوەی کردوە کە الله لە قیامەت رسول الله دادەنیشێنێت لەسەر عەرش".

• دایکی داوێن پاکمان عائشة دەیفەرموو : باسی مردوەکانتان مەکەن ئیلا بە چاکە نەبێت.

مساوی الأخلاق للخرائطي(٩٠)

• عون بن عبدالله بن عتبة دەیوت : ئەهلی خێر هەندێکیان بۆ هەندێکیان دەنوسی لەم قسانە : هەر کەس کار بۆئاخیرەت کات الله لەدونیا بێ پێویستی دەکات و پێی دەبەخشێ ، وە هەرکەس نێوانی خۆی و الله چاک بکات اللەش نێوانی ئەو و خەڵکی چاک دەکات ، هەرکەس تەنیایی باشبکات اللەش ئاشکراکانی چاکدەکات.

كتاب الزهد لوكيع(٥٢٥)

• شافعي دەڵێت: ڕێزی هەرکەسم گرتبێت زیاتر لە قەدری خۆی ئیلا لە ڕێزی خۆم کەمی کردوە بە قەدەر ئەوەی ڕێزی ئەوم زیاد لە پێویست گرتبێت.

حلية الأولياء لأبي نعيم الأصفهاني

• باوکی ئەوس دەگێڕێتەوە دەفەرمووێت : لای رسول الله صلی الله علیه وسلم دانیشتبوین و قسەی بۆدەکردین ، پیاوێک هات و قسەیەکی نهێنی کرد و رسول الله تێگەشت لەوەی وتی ، فەرمووی : بڕۆن بیکوژن.

کە پیاوەکە ڕۆشت رسول الله بانگی کرد و فەرمووی : ئایا شاهیدی ئەدەی و دەڵێی لا إله الا الله؟ پیاوەکە وتی بەڵێ.

رسول الله فەرمووی : وازی لێبێنن بابڕوات.

من فەرمانم پێکراوە بجەنگم لەگەڵ خەڵکی تاوەکو دەڵێن لا إله الا الله کە ئەوەیان وت خوێن و ماڵیان لەسەرم حەرامە.

رواه ابن ماجه(٣٩٢٩).

• عثمان دەفەرمووێت : گوێم لە رسول الله بوو دەیفەرموو : خوێنی موسڵمانان حەڵاڵ نیە تەنها بە سێ هۆکار نەبێت پیاو و ئافرەتێکی هاوسەردار زینایان کردبێ ، ڕەجم دەکرێن، کەسێک کەسێکی کوشتبێ دەتوانرێ بکوژرێتەوە ، وە هەرکەس هەڵگەڕێتەوە و مورتەد بێتەوە لە ئیسلام.









رواه النسائی(٤٠٥٧).

• ئیمامی حەسەن دەفەرموویت : کەسێک لە تەوالیت بپژمێت الحمدلله دەڵێت لە نەفسی خۆیدا.

مصنف ابن أبي شيبة(١٢٣٤).

• عبدالعزیز إبن الماجشون دەڵێت : وا حساب مەکە قوڵبونە و ڕۆچون لە دیندا بریتیە لە زانین و تێگەیشتن لە دین. تێگەیشتوان و شوێنکەوتوانی دین کە الله بە راسخون وەسفی کردون ئەوانەن دەوەستن لەو شوێنەی زانستیان کۆتای دێت و دەڵێن ئیمانمان هێناوە بە هەموو ئەوەی لای اللهوە هاتوە ، ئەگەر چیش واتا و مەبەستی ئایەتەکان نەزانن.

الجامع في العقائد | لـ آل حمدان ١/١٥٣ .

• بربهاری دەڵێت: ئەو کەسەی حاڵی نارونە و فیعلێکی لێنەبینراوە (وەک کوفر و شیرک) موسڵمانە.

شرح السنة للبربهاري ١٣٢

• حاڵ نارون ئەوەیە رسول الله ڕونی کردوەتەوە صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی : (هەرکەس ئەو نوێژە بکات ئێمە دەیکەن ڕوبکاتە ئەو قیبلەی ڕوی تێدەکەین ، سەربڕاوی دەستمان بخوات ، موسڵمانە و پارێزگاری الله و ڕەسولەکەی بۆ هەیە ، خیانەت مەکەن لەو پەیمانەی پێی دراوە).

رواه البخاری ٣٩١ و مسلم ١٩٦١ .

• ئیمامی علی دەفەرموویت رضی الله عنه : وای لێدێ هیچ شتێک لە ئیسلامەتی نامێنێت تەنها ناوی نەبێت وە لە قورئانیش تەنها وێنەکەی مزگەوتەکانتان ئەو ڕۆژانە باڵەخانەی بەرز و جوانن بەڵام دارماوە لە هیدایەت و هیچی تێدانیە زاناکانتان خراپترینی سەرزەوین وە فیتنە لەوانەوە دەردەچێت و دێتەوە.

ابطال الحيل لإبن بطة العكبري

• محمدی کوری واسع دەیوت : والله گەر تاوانەکانم بۆنیان هەبوایە هیچ کەس نەیدەتوانی لام دابنیشێت.

محاسبة النفس لإبن أبي الدنيا









• پیاوێک هاتە لای حەسەنی بەصری وتی : مناقەشەت لەگەڵەکەم لە دیندا.
ئیمام پێی فەرمووو : من دینی خۆم دەناسم و لێی دڵنیام ، ئەگەر تۆ لەدینەکەت لات داوە برۆ پەیدای کەوە و فێری بە.
شرح السنة للبربهاري.

• أنس دەفەرموویت : گوێم لە رسول الله بوو صلی الله علیە وسلم دەیفەرموو : گەر بتان زانیبا ئەوەی من دەیزانم کەم پێدەکەنین و زۆر دەگریان.
الزهد لوكيع ١٧.

• ابن عمر رضی الله عنە ئەم ئایەتەی خوێندەوە (یوم یقوم الناس لرب العالمین) ئەو رۆژەی خەڵکی لەگۆڕەکانیان زیندو دەکرێنەوە بۆ لێپرسینەوە تاوەکو الله حسابیان لەگەڵ بکات.
کە ئەمەی خوێندەوە : گریا زۆر گریا ، نەیتوانی دواتر بخوێنێ و بەردەوام بێت.
الزهد لوكيع ٢٧.

• عبدالله دەیوت بە کورەکەی : ئەی کوڕی خۆم بگری بۆ تاوانەکانت کاتێ دێنەوە یاد.
الزهد لوكيع ٣٠

• ئیمامی عومەر دەیفەرموو : بەشی خۆتان بەدەس بێنن لە دوربون لە خەڵک و تێکڵ نەبونیان.
الزهد لوكيع ٢٥٣.

• حوزەیفە رضی الله عنە دەفەرمووێت : فیتنە زیانت لێنادا گەر دینەکەت بناسی.
فیتنە بریتیە لەوەی کاتێک ڕاست و ناڕاستت لێ تێکەڵ بوە نازانی کامیان حەقە ، ئەوە فیتنەیە.
ابن أبي شيبه ٣٨٤٤٧.

• الحمیدی دەڵێت : والله گەر غەزای ئەوانە بکەم کە حەدیث ڕەد ئەکەنەوە پێم خۆشترە لەوەی غەزای کۆمەڵێکی زۆر لە تورکەکان بکەم.
ذم الكلام للهروري (٢/٧١).









• معاذ بن جبل فەرمووی : گەڕان بۆ زانست جیهادە.

جامع المسائل ٨٢/٦

• أحمد بن حنبل دەڵێت: (خوارج قەومێکی خراپن ، نازانم لەزەویدا وانە خراپتر هەبێ). وە وتی : (لە رسول الله وە بەدەیان شێوە باسیان هاتوە).

السنة لأبي بكر الخلال

• حسن دەڵێت: هەرکەس براکەی عەیبدارکات بەهۆی تاوانێک کە تەوبەی لێکردوە و پەشیمانە لێی ، الله بەو تاوانە ئەمیش تاقیدەکاتەوە.

الزهد لأحمد[١٦١٠].

• سولەیمان دەڵێت : بینیم پیاوێک سەلامی لە ئیمامی ئەحمەد کرد لەوانەی کە دەیان وت قورئان کەلامی اللەیە و دەوەستان و نەیان دەوت مەخلوق نیە ئیمامی وەڵامی سەلامەکەی نەدایەوە و فەرمووی نامەوێ بت بینم لەبەر دەرگای من بەقسەیەکی زۆر توند و ڕەق پێی وت.

كتاب السنة للخلال(١٨٠٨).

• إياس بن معاوية دەڵێت: هیچ کات بەتەواوی ئەقڵی خۆم لەگەڵ شوێنکەوتەی هەواو ئارەزو بۆ قورئان و سونەت مناقەشەم نەکردوە ، جگە لە ئەهلی قەدەر

وتم : هەواڵم پێبدەن دەربارەی ستەم ، چیە؟

وتیان : کەسێک شتێک ببات هی خۆی نەبێت.

وتم : هەموو شت هی الله یە.

القدر للفريابي ٣٣٥.

• سعيد بن المسيب دەڵێت: نوێژم کرد لە دوای أبي هريره لەسەر منداڵێکی مردوو کە هیج کات تاوانی نەکردبوو فەرمووی : یا الله بیپارێزە لە سزای گۆڕ.

أصول السنة لابن أبي الزمنين ٨٣

• حسنی بصری دەڵێ: هەرکەسێک نەترسێ لەنیفاق مونایفقە.

جامع العلوم والحلم: ٤٥١

• احمد دەڵێ: بەخواردنی حەڵاڵ دڵ دامەزراو دەبێت.

زاد المسافر ٤/٧٧







**انتهى الكتاب**

**والحمد لله**



